دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٨٠،سێشەممە، ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، ٥ی جولای ٢٠١٦، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## پەیامی پیرۆزبایی مستەفا هیجری بە بۆنەی جێژنی ڕەمەزانەوە

بە بۆنەی جێژنی پیرۆزی ڕەمەزان، پیرۆزبایی گەرم لە هەموو بنەماڵەی شەهیدان بەتایبەت بنەماڵەی پێشمەرگە شەهیدەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم کە بە دەستی بە کرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرگرییەکی ڕەوا و قارەمانانە و لە پێناو ئامانجەکانی گەلی کورددا شەهید کران.

هەروەها پیرۆزبایی لە زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەکانیان، خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران و بە گشتی لە هەموو گەلی کورد دەکەم.

هیوادارم ئەم جێژنە سەرەتای دەستپێکردنی ڕۆژانی جێژن و خۆشی ڕاستەقینەی سەرکەوتنی خەباتی هەمەلایەنەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بێ کە ئاکامەکەی ڕزگاری لە چەنگ زۆرداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

جارێکی دیکە جێژنتان پیرۆز بێ

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی / ٥ی ژوئیەی ٢٠١٦ی زایینی

بانگەوازی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی بۆ مانگرتنی گشتی لە ٢٢ی پووشپەڕدا ٤



ئێران و دەردی لەدایکبوونی کوردستانی سەربەخۆ ٦



ئاکامەکانی هێرشی سپای پاسداران بۆ سەر حیزبە کوردییەکان و هەرێمی کوردستان ٨



کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، کۆماری ئیسلامی وەکوو هێز یان دەوڵەتێکی یاغی دەبینێت... ١٠

# زایەڵەی یەکگرتوویی شاخ و شار







کوردستان لە بیست و حەوتەمین ساڵرۆژی تێرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەری نەمری خۆی، دوکتور قاسملوو، لەگەڵ ئامانجە بەرزەکانی و ڕێبوارانی شەهیدی، پەیمان نوێ دەکاتەوە.

پاش حەماسە خولقێنییەکانی شۆڕشگێڕانی دێموکرات لە شاخەکانی نیشتمانمان لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا، کە نێڵەی سەرکەشی خۆڕاگری و هۆشیاریی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران هەڵیکردووە، کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بانگەوازێکدا داوای لە خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان کردووە، ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ بکەنە ڕۆژی یەکگرتوویی و بەرگریی خۆیان لە خەبات و گیانبازیی هێزی بەتوانای پێشمەرگە لە دژی داگیرکەرانی وڵاتەکەیان.

لە بەشێک لەم بانگەوازەدا وێڕای وەبیر هێنانەوەی جینایەتی تێرۆریستیی ڤییەن، ڕوو لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هاتووە: «ئەمساڵ لە چوارچێوەی هێڵە سەرەکییەکانی پەیامی نەورۆزیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کە هەڵگری پەیامی ڕاسانی بزووتنەوەی کورد لەو پارچە داگیرکراوەی نیشتمانەکەماندا و پێکەوە گرێدانی خەباتی شاخ و شار بوو، قوتابیانی قاسملوو و ڕۆڵە پێشمەرگەکانی ئێوە لە حیزبی دێموکراتدا بە ئامادەبوونیان لە نێو ئێوەدا، قەڵای جەوری داگیرکەرانیان وەلەرزە هێنا و گیانی شۆڕش و ژیانەوەیان بە بەر ئەو پارچەیەی کوردستاندا کرد».

هەروەها بانگەوازی کۆمیسیۆنی تەشکیلات وێڕای ئاماژە کردن بە شەڕە حیماسییەکانی گوندی «قەرەسەقەل»ی شنۆ، بەرزاییەکانی «کۆسالان»ی سەولاوا و دیکەی ناوچەکانی کوردستان کە بوو بە هۆی کوژران و بریندار بوونی دەیان کەس لە فەرماندەران و بەکرێگیراوانی سپای تێرۆریستی پاسداران و بەداخەوە خاکی نیشتمانمان بە خوێنی ئاڵی چەندین پێشمەرگەی قارەمانی حیزبەکەشمان نەخشا، هاتووە: «ئەو حەماسە خولقاندنەی پێشمەرگە گیان لە سەر دەستەکانی کوردستان کە هەڵگری پەیامی ئامادەیی ئەوان لە مەیدانی خەبات بۆ پاراستنی خەڵك و خاکی کوردستاندایە، بەشێك لە پرۆسەی پێکەوەگرێدانی خەباتی شاخ و شارە کە شاخ پەیامی خۆی بە دەنگێکی بەرز و دلێرانە بە گوێی جیهان گەیاند و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی شاریش وەڵامێکی شیاو بەو گیانبازییانە بدەنەوە و بوونی خۆیان لە گۆڕەپانی مافخوازیی نەتەوەکەیاندا بسەلمێنن.»

بانگەوازی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب وێڕای بانگهێشت کردنی خەڵک بۆ مانگرتنی گشتی لە سەرانسەری کوردستاندا، داوای لە خەڵک کردووە کە لەو ڕۆژەدا:

١. دوکان و بازاڕەکان لە هەموو شار و گوندەکانی کوردستاندا دابخرێن.

٢. خەڵک لە چوون بۆ سەر کارەکانیان خۆ ببوێرن.

٣. گوندنشینانی کوردستان لەو ڕۆژەدا هاتوچۆی شارەکان نەکەن و لە گوندەکانیاندا بمێننەوە.

٤. شوێنە گشتییەکان بە هێما و سیمبۆلەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کوردستان (وەکوو ئاڵای کوردستان، ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و وێنەی ڕێبەرانی شەهید و شەهیدانی نوێی بزووتنەوە ڕەواکەمان) بڕازێننەوە.

دەقی تەواوی ئەم بانگەوازە لە لاپەڕەی ٢ی ئەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا بخوێننەوە.

## پەیڤ

### مانگرتنی شار، دەنگی دلێری شاخە

**کەریم پەرویزی**

خەباتی کورد لە پێناوی گەیشتن بە ڕزگاری و ئازادی و بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی دەیان و بگرە بە سەدان ساڵە درێژەی هەیە و لە بەشی جیاوازی کوردستان و لە بڕگەی جیاوازی مێژووییدا بە شکڵ و شێوازی جۆربەجۆر درێژەی هەبووە.

لەم خەباتە دوور و درێژەی کورددا کە پڕە لە هەوراز و نشێو و پڕە لە شکست و سەرکەوتن و پڕە لە پەژارە و سەرفرازی، ڕێکار و ڕێگای جۆربەجۆر گیراوەتە بەر تاکوو نەتەوەی کورد بە ئامانج و ئاکامەکانی بگا.

لە ڕەوتی خەباتدا، ڕێبەرانی خەباتکار و ڕێڕەوانی تێکۆشەری ئەو ڕێبازانە، لە شێوازی جیاواز بۆ تۆزقاڵێک پێشخستنی تێکۆشانی نەتەوەی کورد کەڵکیان وەرگرتوە و لەم ئەزموونە پڕ شکست و سەرکەوتنەدا هەموو شێوازێکی خەبات تاقی کراوەتەوە.

لێدوان و وتەیەکی باو لە نێو ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانی کورددا هەیە کە بە تێپەڕینی کات چۆتە نێو ئەدەبیاتی گەلەوە و بۆتە شتێکی باو لە نێو خەڵکدا کە دەڵێن کورد تەنیا یەک دۆست و پاڵپشتی هەیە ئەویش شاخەکانی کوردستانە.

ئەم ئەزموونە تاڵە لەو ڕووداوە مێژووییانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا خەباتی شۆڕشگێڕانی کورد لە بێ دۆستی و پشتیوانی نەکردنیانەوە تەنانەت لە لایەن ئەوانەشەوە کە ئیدیعای دۆستایەتیی گەلانیان کردووە، دووبارە و دووبارە و چەند بارە پەنایان بردۆتە بەر شاخەکانی کوردستان، تاکوو ڕێبازی خەبات زیندوو ڕابگرن و شاخ بۆتە هێمای بەرخۆدان.

ئێستا و دوای دەیان ساڵ ئەزموونی تاڵ و شیرین لە خەباتی کورد، کوردستان بەگشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی دەبێ گەیشتبێتە ئەو باوەڕە کە دروستە کە شاخ هێمایە بۆ خۆڕاگری و بەرخۆدان، بەڵام بە پێشکەوتنی جیهان و بە گەورەبوونی شارەکانی کوردستان و بە گۆڕانکاریی بنەمایی لە کۆمەڵگای جیهانی و ناوچەیی و کۆمەڵگای کوردستانیشدا، ئیتر کاتی ئەوە هاتوە کە شار ببێ بە ناوەندی گۆڕانکاریی کوردستان و لە شارەوە خەڵک خەباتیان چڕتر بکەنەوە بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسیان، چوونکە لە لایەکەوە شار و کۆمەڵگای کوردستان لە شاردا، خاڵی لاوازی ڕێژیمی سەرکوتکەرە و لەبەرانبەر شاردا پاشەکشە دەکا و لە لایەکی دیکەوە کوردستان و خەباتی

درێژە لە لاپەڕەی ٤

## هەڵۆکانی زاگرۆس کوژرانی ٧ کەس لە هێزەکانی ڕێژیمیان لە سەقز ڕاگەیاند

هاوکات لەگەڵ هێرشی هێزی داگیرکەر و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی بۆسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچەکانی شنۆ، مهاباد و سەوڵاوا و مەریوان، هەڵۆکانی زاگرۆس کە خۆیان بە هێزێکی پاڵپشتی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان دەزانن، لە ناوچەی سەرشیوی سەقز لە سەر جادەی سەقز-مەریوان و لەنزیک ئاوایی «وەشەدرە» (خۆشەدەرە) پەلاماری هێزێکی چەکداری ڕێژیمیان دا و سەرهەنگ ئەکبەری و ٦ پارێزەری ناوبراویان لە تۆڵەی شەهیدانی هێزی پێشمەرگەدا کوشتووە.

پێویستە بگوتری، هەڵۆکانی زاگرۆس ڕایانگەیاندووە کە ئەگەر پەلاماری دوژمن بۆ سەر پێشمەرگە بەردەوام بێ، هەموو کوردستان دەکەنە دۆزەخ لەژێر پێی پارێزەرانی کۆماری ئیسلامی‌دا.

## سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات کردەوەی تیرۆریستیی فرۆکەخانەی ئاتاتورکی لە ئیستانبۆل مەحکووم کرد

شەوی ٢٠١٦/٦/٢٨ لە کردەوەیەکی تیرۆریستی دا کە لە فرۆکەخانەی ئاتاتورکی ئیستانبۆل ڕوویدا، بوو بە هۆی کوژران و بریندار بوونی دەیان کەس لە خەڵکی سڤیل.

ئێمە ئەو کردەوە تیرۆریستییە لە لایەن هەر کەس و لایەنێکەوە ئەنجام درابێ مەحکووم دەکەین و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کوژراوانی ئەو ڕووداوە و خەڵکی تورکیە دەکەین، هیوادارین بریندارانی ڕووداوەکەش بە زوویی برینەکانیان ساڕێژ ببێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
٣٠/٦/٢٠١٦

## شوورای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر شەڕی مەریوان و مەهاباد ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

شوورای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی مەریوان و مەهاباد ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە.

لە درێژەی پێوەندی‌گرتنی پێشمەرگەکانی حیزب بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هێزەکانی ڕێژیم هێرش و پەلاماری خۆیان بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەست پێکردوە، کە هەروا بەردەوامە.

لەو پێوەندییەدا، بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە ناوچەی مەهاباد، ڕۆژی هەینی ٤ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، (٢٠١٦/٠٦/٢٤) کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆ لەکاتێکدا هێزێکی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندەکانی «دوو چۆمان»، «باگردان»، «حەسەن چەپ» و «بێنگوێن» لە حاڵی حەسانەوەدا بوون، کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی کە پاش تێکهەڵچوونێکی نابەرابەر و چەند ساعەتە، کە کوژران و بریندار بووونی ژمارەیەک لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی بەدواوە بوو، هێزی پێشمەرگە پاش شەڕێکی قارەمانانە شوێنی تێکهەڵچوونەکەیان بە سەلامەتی بەجێ هێشت.

بەپێی هەواڵێکی دیکە، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی مەریوان لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پاش ئەوەی بە خەستی تۆپ و خومپارەباران کران، سەرئەنجام سەر لەبەیانیی ڕۆژی شەممە ٥ی پووشپەر ١٣٩٥(٢٠١٦/٠٦/٢٥) ساعەتی ٤ لە ناوچەی سەوڵاوا کەمینیان بۆ هێزێکی پێشمەرگە داناوە. پاش شەڕێکی قارەمانانە، هێزی پێشمەرگە لە شوێنی شەڕەکە دەرباز بوون. لە کوژراو و برینداری دوژمن هەواڵێک لە بەردەست نیە، بەداخەوە پێشمەرگەیەکی قارەمان بە ناوی کاک «شۆڕش مینبەری» لەو بەرگرییە قارەمانانەدا شەهید بوو. ڕۆحی شاد و ڕێگای پڕ شانازیی بەردەوام بێ.

شوورای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی
٢٥ ی ژوئەنی ٢٠١٦ی زایینی

## شوورای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر شەڕی مەریوان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، تیمێکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە حاڵی جەولەدا بوون، کاتژمێر ٣ی بەرەبەیان لە بناری کێوی کۆساڵان لە نزیک گوندی «دووڕوو» لە ناوچەی «شامیان» سەر بە شارستانی سەوڵاوا دەکەونە کەمینی هێزەکانی دوژمن و لە شەڕێکی ٢ کاتژمێری‌دا، بە داخەوە ٢ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوەکانی «شۆڕش مینبەری» و «شاخەوان مینبەری» شەهید بوون، شاخەوان پاش چەند کاتژمێر برینداری و شەڕکردن شەهید دەبێ و تەرمەکەی دەکەوێتە دەستی دوژمن. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ڕێژیم لە جاش و پاسدار کوژراون.

پاش ئەو شەڕە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕ دیسان لە چیای کۆساڵان دەکەونە کەمینی هێزەکانی ڕێژیم و تووشی شەڕێکی توند و نەخوازراو دەبن، لە ئاکامی ئەو شەڕەدا پێشمەرگەکان دەرباز دەبن و ژمارەیەک لە هێزەکانی ڕێژیم دەکوژرێن.

پاش ئەو ٢ شەڕە جارێکی دیکەش هێزەکانی ڕێژیم بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری پێشمەرگەکان لە چیای کۆساڵان دەدەن و شەڕێکی قورس سەر لە بەیانی ڕێکەوتی ٦ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی دەست پێ دەکاتەوە و پێشمەرگەکان ئازایانە شەڕیان دەگەڵ دەکەن و هەتا کاتی ئەم ڕاگەیەندراوە شەڕ بەردەوامە.

لە ئاکامی ئەو شەڕەدا کە زیاتر لە ١٠ کاتژمێرە لە ئارادایە، دەیان کەس لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم کوژراو و بریندار بوون، کەلاکی زیاتر لە ٨ کەس لە کوژراوەکانی ڕێژیم لە بەردەستی پێشمەرگەدایە.

بەداخەوە لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکی قارەمان بە ناوی «ئەکبەر مینبەری» شەهید بووە.

لە ماوەی ئەو شەڕ و دەرگیرییەدا، دوژمن لە شاری سەوڵاوەوە بە تۆپ و خۆمپارە چیای کۆساڵان و مەیدانی شەڕەکە تۆپباران دەکات کە بووە بە هۆی ئاگرتێبەربوونی دارستان و لێڕەواری ئەو کێوە.

لەو شەڕەدا ڕێژیم بە هێلی‌کۆپتێر مەیدانی شەڕەکە ڕاکێتباران دەکات.

ڕۆحی شەهیدان شاد و ڕێگای پڕ شانازییان بەردەوام بێ.

شوورای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٦ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی
٢٦ژوئەنی ٢٠١٦ی زایینی

## شوورای نیزامیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە چالاکییەکانی پێشمەرگە لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

شوورای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی بەردەوامیی کار و چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراووەکە:

شوورای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاند کە؛ هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی چالاکییەکانیاندا کۆبوونەوەیەکی بەرینیان بۆسەیرانچییەکانی «دۆڵی هاوشینانی» مەهاباد بەڕێوە بردووە.

بەپێی ڕاپۆرتی شوورای نیزامیی حیزبی دێموکرات، کۆبوونەوەیەک لە لایەن هێزی پێشمەرگە، کاتژمێر ٤ بۆ ٤:٤٥ خولەکی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، بەڕێوە چووە.

لەو کۆبوونەوەیەدا، یەکێک لە بەرپرسانی حیزبی دێموکرات باسێکی تایبەتی لەسەر سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و ڕاسانی حیزبی دێموکرات بۆ بەشداران باس کردووە کە بە چەپڵەڕێزانێکی زۆرەوە لە لایەن خەڵکەوە پێشوازی لێ کرا.

هەروەها لەو سەیرانگایەدا خەڵکێکی زۆری شارەکانی مەهاباد، پیرانشار، نەغەدە و شنۆ بەشدار بوون.

هەر لەو پێوەندییەدا شوورای نیزامیی حیزبی دێموکرات بڵاوی کردەوە کە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی چالاکییەکانیاندا، ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە کاتژمێر ٥ بۆ ٦ لەسەر جادەی پیرانشار-مەهاباد ئامادە بوون و وێڕای ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلێکی زۆری هاووڵاتییان، کۆبوونەوەیەکی بەرینیان بەڕێوە بردووە.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بۆ سەرجەم سەرنشینەکانی ئۆتۆمبیلەکان ڕێکخراوە، یەکێک لە بەرپرسانی حیزبی باسێکی تایبەتی لەسەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات و قۆناغی نوێی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و پیلانەکانی ڕێژیم پێشکەش کرد کە لەگەڵ پێشوازییەکی بەرچاو بەرەوڕوو بووە بە چەپڵەڕێزانی بەشداران کۆتایی پێهات.

شوورای نیزامیی حیزبی
دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٤ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی
٤ی ژوئیەی ٢٠١٦ی زایینی

## ڕێژیم لە نەغەدە سەرقاڵی پڕوپاگەندە بەدژی حیزبی دێموکراتە

سپای تیرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە شاری نەغەدە بۆ بردنەسەری وەرەی داڕوخاوی هێزە چڵکاوخۆرەکانی خۆی، سەرقاڵی پڕوپاگەندە بەدژی حیزبی دێموکرات و شەهیدانی حەماسەی قەرەسەقەڵە.

سپای پاسدارانی ڕێژیم لە گۆڕەپانی ژاندارمێریی شاری نەغەدە، بە هەڵواسینی بەنێر و پوستێری تەبلیغی لەدژی ڕاسانەوەی حیزبی دێموکرات و شەهیدانی ئەم دواییانەی حیزب لە شاری شنۆ، هەوڵی گەڕاندنەوەی وەرەی داڕوخاوی چەکدارەکانی دەدات.

ئەم هەوڵە نەزۆکەی ڕێژیم لە کاتێکدایە کە پاش شکستی سەختی هێزەکانی ڕێژیم لە حەماسەی قەرەسەقەل، بەشێک لە چەکدارەکانی ڕێژیم بەتایبەت لە شاری پیرانشار چەکی خەیانەت بە گەلیان دانا و کوژرانی دەیان فەرماندە و ئەندامی سپا لەم شەڕە، وەرەی پاسداران و جاشەکانی لە کوردستان تێک ڕووخاندووە.

بەپێی دوایین زانیارییەکان لەشەڕی قەرەسەقەڵدا زیاتر لە ٤٠ کەس لە ئەندامانی سپا کوژران و بریندار بوون.

هەروەها مەئموورانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران لە شاری ورمێ لە نێو خەڵکدا دژی خەباتی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات پڕوپاگەندا دەکەن و لە هەوڵی چەواشەکردن و بەلاڕێدابردنی خەباتی گەلی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدان. مەئموورانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران بە ناوی لایەنگری لە لایەنێکی کوردی لە هەوڵی چەواشەکردنی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندان.

لەو پێوەندییەدا، مەئموورانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی جەنایەتکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بەم جۆرە دەیانهەوێ ئاژاوە لە نێوان خەڵکی کوردستان و حیزبە کوردییەکان دروست بکەن .

پێشتریش هەوڵێکی هاوشێوە لە شاری تارانی پێتەختی ئێران درابوو کە ئەمانە نیشانەی ترسی زۆری ڕێژیم لە ڕاسان و شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵات بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

## کۆماری ئیسلامی بەخەستی بەرزاییەکانی کێلەشین و حاجی‌ئۆمەران تۆپباران دەکات

بەبیانووی بوونی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات، سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، ناوچە سنوورییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان تۆپباران دەکات.

لە سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە کاتژمێر ٩وە تۆپخانەکانی ڕێژیمی تاران، ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان داوەتە بەر ئاگری تۆپخانەکانیان کە بەهۆیەوە ناوچەیەکی بەربڵاو سووتاوە.

ئەو ناوچانەی کە وەبەر پەلاماری ڕێژیم کەوتوون بریتین لە؛ حاجی‌ئۆمەران، بەربەزین، کونەڕێ، کەتینە و دۆڵی ئاڵان.

تا کاتی داڕشتنی ئەم هەواڵە هیچ زەرەرێکی گیانی وەبەر پێشمەرگەکانی حیزب نەکەوتووە.

بە گوێرەی زانیارییەکان، هاووڵاتییانی ئەم ناوچانەی باشووری کوردستان کە زۆربەیان شوانکار و جوتیار و ڕەوەندن، ناچار بوون ئەو ناوچانە بەجێ بهێڵن.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە بیانووی بوونی پێشمەرگە ئاگری لە ژیانی خەڵکی ناوچە بەرداوە.

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە مووشەکبارانی بنکەی موجاهدینی خەڵکی ئێران

بەپێی ڕاگەیاندنی ڕاگەیەنە گشتییەکان ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٤ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، بەرامبە بە ٤ی ژولای ٢٠١٦ی زایینی بنکەی لیبرتیی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵکی ئێران لە نزیک شاری بەغدا بۆ جارێکی دیکەش لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەکرێگیراوانی لە عێراق کەوتە بەر هێرشی چەندین مووشەک و لە ئاکامدا ژمارەیەک لە دانیشتوانی کەمپەکە بریندار بوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەو کردەوە دزێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاواتی ئەوە دەخوازێ کە بریندارەکان هەرچی زووتر سڵامەتی خۆیان وەدەست بێنەوە. هەر لەو پێوەندییەدا هاوسۆزی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵکی ئێران دەردەبڕێ و داوا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و بە تایبەت هاوپەیمانان و حکوومەتی عێراق کە لە پاراستنی گیانی دانیشتوانی ئەم کەمپە بەرپرسن دەکات، کە یەکجار و بۆ هەمیشە بەر بەو دەستدرێژیانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بگرن و ڕێگا نەدەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوسارپچڕاوانە ئۆپۆزیسیونی ئێران لە خاکی عێراق بداتە بەر پەلامار.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی
٥ی ژوئیەی ٢٠١٦ی زایینی

## ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شۆڕشگێڕی قارەمان شەهید شۆڕش مینبەری بەڕێوە چوو

ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهید شۆڕش مینبەری یەکێک لە قارەمانانی حەماسەی ڕاسانی حیزبی دێموکرات لە ناوەندی ١ی کوردستان بەڕێوە چوو.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٦ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە ساڵۆنی گشتیی ناوەندی ١ی کوردستان، ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهید شۆڕش مینبەری بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان و بنەماڵەی شەهیدانی تازەی خەباتی حیزب بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە تاهیر کەسیلی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندی ١ی کوردستان پاش بەخێرهاتن‌کردنی هەموان و بەتایبەت میوانان، ژیاننامەی قارەمانی دێموکرات شەهید «شۆڕش مینبەری» پێشکەش بە ئامادەبووانی ڕێوڕەسمەکە کرد. دواتر «حەسەن شەرەفی» جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات چەند وتەیەکی سەبارەت بە شەهیدبوونی شەهید شۆڕش مینبەری پێشکەش کرد. شەرەفی سەرەتا لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد؛ لێرە کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەیکە پاش ڕووداوی خەمینی چەند ڕۆژی ڕابردوومان، دیسان خەمێکی تازە کە جەستەی حیزبی دێموکراتی گرتەوە پێکەوە بەش بکەین و بەڵێنی لەگەڵ ئامانجی پیرۆزی هەموو شەهیدانی حیزبی دێموکرات و بە تایبەت شەهیدی تازەی حیزبی دێموکرات، شەهید شۆڕش مینبەری نوێ کەینەوە.

حەسەن شەرەفی لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە، کاک شۆڕش ڕۆڵەی پاکی پەروەردەی نییەر بوو، ڕۆڵەی بنەماڵەی شەهیدپەروەری مینبەرییەکان بوو کە تا ئێستا دەیان شەهیدیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردووە.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، هەروەها باسی لەوە کرد کە بنەماڵەی مینبەری کەسێکی شۆڕشگێڕ و قارەمانی وەک شەهید شۆڕشی لێ پەروەردە دەبێت و شەهید شۆڕش لەوەیکە ئێمە دەمانناسی، چالاکتر و تێکۆشەرتر بوو. شەهیدبوونی شۆڕش زامێکی قورس و گرانە، ئەوە گومانی تێدا نییە، لێرەدا کۆبووینەتەوە کە ڕێز لە خەباتیان بگرین و ئەوەش تەنیا بە درێژەپێدانی ڕێگایان جێبەجێ دەبێت.

حەسەن شەرەفی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە؛ ڕێگامان سەخت و دژوارە و ڕێژیمێکی دڕندە و هار دژی ئێمەیە، بۆیە دەبێ نرخی گەیشتن بە ئامانجەکەمان زیاتر بدەین.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕوو لە بنەماڵەی شەهید شۆڕش مینبەری ڕایگەیاند کە؛ شەهید شۆڕش لەکیس هەمووومان چوو، بەڵام دڵنیابن نە ئێوە بێکەسن نە ئێمەش، چوونکە حیزبی دێموکرات دایک و باوک و بنەماڵەی هەمووومانە و ئێمە فێرین زام هەڵگرین بەڵام بە چۆکدا نایەین.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا شەریف فەلاح شاعیر، پەخشانێکی بەسۆزی بۆ شەهیدانی نوێی حیزب پێشکەش کرد.

لە ڕێوڕەسمەکەدا چەندین پەیامی هاوخەمی و پەیماننوێ کردنەوە هاتبوون کە بریتین لە:

. پەیامی پارتی سوسیالیستی کوردستانی باکوور
. پەیامی هاوخەمیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
. کۆمیتەکانی تەشکیلاتی ئاشکرای شاری سلێمانی، هەولێر و ناوچەی پشدەر
. پەیامی هاوخەمیی کۆمیتەی قوشتەپە
. پەیامی هاوخەمیی کۆمیتەی باریکە
. پەیامی هاوخەمیی کۆمیتەی کەلار

## کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات: دەنگی پێشمەرگە بن

کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، داوایەک ئاراستەی ئەندام و لایەنگرانی حیزب لە هەموو وڵاتان دەکات. لەوێدا داوا لە هەموو ئەندامان و لایەنگران دەکات دەنگی پێکەوە گرێدانی شاخ و شار بن.
خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێویستی بەوە هەیە کە دەنگی بگاتە هەموو دونیا.
هاوڕێیان و ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی دێموکرات لە هەر وڵاتێک هەن، بەناوی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە داواتان لێ دەکەین کە هەر هەواڵ و زانیارییەکی دروست کە لە ڕاگەیاندنی فەرمیی حیزبەوە، لە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، بڵاو دەبێتەوە بکەنە سەرچاوەی زانیارییەکانتان و وێڕای ئەوە داواتان لێ دەکەین کە ئەو هەواڵ و زانیاری و ڕاگەیەندراوانە وەرگێڕنە سەر زمانەکانی ئەو وڵاتانەی لێی نیشتەجێن و بە ڕاگەیاندنەکان و ناوەندە پێوەندیدارەکانی بدەن و بەم شێوەیە دەنگی خەبات و گیانفیدایی پێشمەرگە و دڕندەیی کۆماری ئیسلامی بە هەموو جیهان بگەیەنن.

کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٦ی پووشپەڕی ١٣٩٥
٢٦ی ژووئەنی ٢٠١٦

## یەکیەتی مامۆستایانی قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵات، پەیمانیان لەگەڵ حیزب و گەل نوێ کردەوە

مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، پەیمانی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نوێ کردەوە.
مامۆستاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، پاڵپشتیی خۆیان سەبارەت بە چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاندووە و بڵاویان کردووەتەوە کە؛ «بە داخێکی گەورەوە هەواڵی شەهید بوونی قارەمانانی دیکەی گەلەکەمان بیست، دیسان ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ئێران دەستی پڕ لە ڕق و زوڵمی خۆی بە خوێنی ڕۆڵەکانی دێموکرات سوور کردەوە، بەڵام دڵنیاین خوێنی پاکی شەهیدان «شۆڕش مینبەری»، «شاخەوان مینبەری» و «ئەکبەر مینبەری»، هەزاران ڕۆڵەی دیکە بۆ وەدیهێنانی ڕێبازەکەیان پەروەردە دەکات، ئێمە وەک یەکیەتی مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هێرشی دڕندانەی بەکرێگیراوانی سپای پاسداران بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب و گەلەکەمان لە شارەکانی مەریوان، مەهاباد، شنۆ و سەردەشت مەحکووم دەکەین و سەرەخۆشی خۆمان و سەرجەم خەڵکی ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵات بە بۆنەی شەهید بوونی هاوڕێیانی تێکۆشەرمان، ئاراستەی ڕێبەرانی ماندوونەناس و کادر و پێشمەرگە نەبەزەکان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی بەشەرەف و پڕ لە هەست و سۆزی ڕۆژهەڵات دەکەین.
دڵنیاین خوێنی پاکی شەهیدانی «سەوڵاوا و شنۆ» ،چرای ڕووناکیی ڕێگای ئازادیی گەڵەکەمان دەبێت.»

بڕووخێ ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران
یەکیەتی مامۆستایانی قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٦ی پووشپەڕی ١٣٩٥ هەتاوی

## حەماسەی پێشمەرگەکانی دێموکرات گەورەبەرپرسانی ڕێژیمی خستۆتە لەرزە

پاش حەماسەخوڵقێنییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شارەکانی شنۆ و سەوڵاوا، گەورەبەرپرسانی سەربازیی ڕێژیمی تاران تەنگیان پێ هەڵچنرا و هاتنە دەنگ و کەوتنە هەڕەشە کردن.
ڕۆژی یەکشەممە ٦ی پوشپەڕ، فەرماندەی هێزی زەوینیی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ئێران، «محەممەد پاکپوور» هەڕەشەی لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیم کردووە و گووتوویەتی بنکە و بارەگاکانی ئەم لایەنانە لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستانی باشوور دەکەینە ئامانجی تۆپخانەکانمان.
لە نوێترین هەواڵەکانیشدا، هەواڵدەریی ئیرنای کۆماری ئیسلامی لە زاری پاسدار «محەممەد نەزەر عەزیمی» فەرماندەی قەرارگای نەجەفی سپاوە بڵاوی کردەوە کە بە هەموو توانامانەوە بەرەورووی هەڕەشەکان لە ڕۆژئاوای ئێران واتە کوردستان دەبینەوە.
ئەم هەڕەشە و گوڕەشانە لەدوای ئەوە دێنە ئاراوە کە دوێنێ تۆپخانەکانی ڕێژیم ناوچە سنورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دایە بەر ئاگری تۆپخانەکانیان و بەهۆیەوە چەند هاووڵاتی سڤیلی کوردستانی باشوور بریندار بوون.
لە دوو حەوتووی ڕابردوودا دەیان ئەندامی سپای پاسداران پاش پەلاماردانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەکانی شنۆ و سەوڵاوا، بەکوشت چوون.
بەپێی هەندێک زانیاری تەنیا لە شەڕی ٢ ڕۆژی ڕابردووی کۆساڵاندا زیاتر لە ٧٠ چەکداری سەر بە ڕێژیم بوونەتە قوربانیی سیاسەتە چەپەڵەکانی ڕێژیم کە کەلاکی ٨ کەسیان لەبەردەست پێشمەرگەکانی حیزبدایە و باقی کوژراوەکانیش لە ساردخانەی شارەکانی سەوڵاوا، مەریوان و سنە ڕاگیراون.
هەر لەم پێوەندییەشدا لە ماوەی ٢ حەوتووی ڕابردوودا ڕێژیم هێزێکی زۆری خزاندۆتە نێو شارەکانی کوردستان و بە تەواوەتی میلیتاریزەی کردوون و تەنانەت هێزێکی گەورەی ڕێژیمی ئێران بە چەکی قورسی تۆپ و کاتیوشاوە لە سنورەکانی نێوان کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات جێگیر کراون.

## سوپای ترسنۆکی پاسداران هەڕەشە لە ژن و منداڵ دەکا

دوای شکستی ئابڕووبەرانەی سوپای پاسداران لە هێرشیان بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا، ئەو سوپا ترسنۆکە هەڕەشە لە خەڵکی مەدەنی و ژن و منداڵ دەکات.
لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، سوپای تێرۆریستیی پاسداران لە چەند شوێن هێرشی دڕندانەی کردە سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆ کاری سیاسی و تەبلیغی لە نێو خەڵکی خۆیاندا بوون. هێزی ڕێژیم لەو هێرشانەیدا زەربەی گورچوبڕی وێکەوت و نەک بە مەبەستە گڵاوەکانی نەگەیشت، بەڵکوو شکستێکی ئابڕووبەرانەی خوارد کە بە قسەی کەسانی جێی بڕوا لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا کوژراو و بریندارەکانی هێزەکانی پاسداران و بەکرێگیراوانیان بینیوە.
هەروەها ئەو شکستە گەورەیەی سپا بووە هۆی ئەوە کە دوای ٢٧ ساڵ خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم بەرپرسی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم وەلا بنێ و تیرۆریستێکی دیکە لەجێی دابنێ، بەڵکوو شکستەکانی بشارێتەوە.
بەپێی هەواڵە بڵاوبووەکان سوپای پاسدارانی ڕێژیمی تێرۆریستی ئیسلامیی ئێران، بۆ شاردنەوەی شکستەکانی و بۆ ڕوحیەدان بە هێزە بێڕوحیە و دۆڕاوەکەی، دەستی کردووە بە هەڕەشە لە خەڵکی ئاسایی و مەدەنی لە هەموو شوێنێکی کوردستان. لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە مانۆڕی چەکی قورس و هاتوچۆی هێزەکانی، دەیەوێ خۆی بە بەهێز نیشان بدا و لە گوندەکان و کوێستانەکان هەڕەشە لە خەڵک دەکا کە ماڵەکانیان وێران دەکەن.
لە هەنگاوێکی دیکەی ترسنۆکانەی سوپای پاسداراندا، گوایە هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە کەمپ و شوێنی نیشتەجێ بوونی کوردستانیانی ڕۆژهەڵاتی نیشتەجێی باشوور دەدەنە بەر هێرش و گوایە تۆڵەی شکستی ئابڕووبەرانەیان لە بەرانبەر پێشمەرگە لە دڵی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، لە ژن و منداڵی ئاسایی دەکەنەوە.
جێی ئاماژەیە کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری خومەینیی سەرۆکی داعشی ویلایەتی فەقیهیەوە، بە فەرمانی جەهاد بە دژی خەڵکی کوردستان، ڕوویان لە مێژوودا ڕەش کرد و ئێستاش دوای بەتاڵبوونەوەی ئەفسانەی هەیمەنەی درۆیینی ڕێژیمە تێرۆریستەکەیان، لەوپەڕی داماویدا دەیانەوێ هێزی خۆیان بە هەڕەشە بۆ سەر ژن ومنداڵ نیشان بدەن.

## پەیمان نوێ کردنەوەی ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی وڵات درێژەی هەیە

لە درێژەی پەیامەکانی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بۆ پەیمان نوێ کردنەوەی لەگەڵ خوێنی بەناحەق ڕژاوی شەهیدانی کوردستان و ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە هەوشار، سایینقەڵا، شاروێرانی مەهاباد، هەورامان، ناوچەی لەیلاخ و دێولان، مەریوان، شامیان، کامیاران، ئیلام، نۆدشە، پاوە، شنۆ، پیرانشار، ڕەبەت، نەغەدە، سەردەشت، سەقز، جوانڕۆ، بۆکان، نەلاس، سنە و کرماشان پەیامی وەفادارییان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی شەهیدان ناردووە.
لەم پەیامانەدا هاتووە سڵاو و ڕێزی تایبەتی خۆمان ئاراستەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین. بەتایبەت بنەماڵەی شەهیدانی سەربەرزی خەباتی نوێی گەلەکەمان، کە بەدەستی جاشە خۆفرۆشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید بوون. پەیمانی خۆمان لەگەڵ حیزبی هەمیشە سەربەرزی دێموکراتی کوردستانی ئێران نوێ دەکەیەنەوە.
هەر لەم پێوەندییەشدا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری سەقز، لە پێوەندی لەگەڵ شەهیدبوونی ٦ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆ، بۆ پشتیوانی لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و هاودەردی لەگەل بنەماڵەی ئەو شەهیدانە و نوێ کردنەوەی پەیمان لەگەڵ ڕێبازی ئەو شەهیدانە، بە نوسینی دروشم لە ناو شاری سەقز چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ئەندامانی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێزگرتن لە خولقێنەرانی حەماسەی شنۆ لە شاری سنەش چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغییان تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «کۆڵانەکانی مەیدانی ئیقباڵ، شارەکی سەعدی، شاڵمان، دەرمانخانەکان، قوتابخانەکانی شەریفئاوا، شەقامی حەسەنئاوا»، کە بە بڵاوکردنەوەی وێنە و پۆستێری پێشمەرگە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

## ڕێژیمی ئێران داوای لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کرد کە کەلاکەکانیان ڕادەست کەنەوە

بەرپرسانی ڕێژیمی جینایەتکاری ئیسلامیی ئێران داوایان لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە کە کەلاکی کوژراوەکانیان ڕادەست کەنەوە.
هێزەکانی ڕێژیمی داپڵۆسێنەری ئیسلامیی ئێران لە سەوڵاوا بە زۆر ژمارەیەک لە خەڵکی گوندی «دووڕوو»یان ناردووەتە لای پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە داوایان لێ بکەن پێشمەرگەکان ئیزنیان پێ بدەن کەلاکی بۆگەن بووی کوژراوەکانیان بەرنەوە.
پێشمەرگەکان بە هەست بە بەرپرسایەتی کردن لەهەمبەر ژینگە و یاساکانی شەڕ، لەگەڵ داواکەیان موافەقەتیان کردووە و پێیان گوتوون ئامادەین کوژراوەکانتان ڕادەست بکەینەوە بەو مەرجەی سپای پاسدارانیش تەرمی دوو شەهیدمان کە کەوتووەتە دەستیان ڕادەستی ئێمەی بکەنەوە.
دوای ئەو داواکارییەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە بەرپرسانی دژەگەلیی ڕێژیمی ئێران، دەسەڵاتدارانی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە وەک هەمیشە هیچ بایەخێک بۆ زیندوو و مردووی چەکدارەکانیان دانانێن لە ئاڵوگۆڕ کردنەوەکە پاشگەز بوونەتەوە.
هەر بە گوێرەی ئەو هەواڵە خەڵک لە «بنەبەرد» و «دەوەنابن»دا، لە گەڕانەوەدا توشی چەند برینداری نیوە گیانی هێزەکانی ڕێژیم دەبن و لەگەڵ خۆیان دەیانبەنەوە سەوڵاوا.

## جاشەکانی ڕێژیم هەوڵی خەوشدارکردنی سیمای پێشمەرگەکان دەدەن

جاش و بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئێران بە مەبەستی خەوشدار کردنی سیمای پێشمەرگە، تۆمەت و بوختان بۆ پێشمەرگەکان هەڵدەبەستن.
جاشە خۆفرۆشەکانی مەهاباد بۆ شکاندنی شکۆی پێشمەرگەی ئازادیخواز، بە ناوی پێشمەرگەی دێموکراتەوە دەسووڕێنەوە و داواکاریی سەیر و سەمەرە و بەدوور لە ڕەوشتی پێشمەرگە، لە خەڵک دەکەن.
جاشەکان لە گوندی «گۆملێان» دوایان لە خەڵک کردووە هەر بنەماڵەیەک دەبێت یەک میلیۆن تمەن وەک یارمەتی بدات بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
هەروەها جاشەکانی مەهاباد، لە دوای حەوانەوە لە ماڵەکانی گووندی «گۆملێان و ڕۆیتن» بەرەو هەوارگەکانی گووندی «بێنگوین» ڕۆیشتوون و داوایان لە هەوراچییەکان کردووە کە کچەکانیان بخەنە خزمەتی هێزی پێشمەرگەوە.
هەروەها لە پیلانێکی دیکەی جاشەکان بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، فشاریان بۆ هەوارنشینانی ئەو ناوچەیە هێناوە کە شوێنی پێشمەرگەکان ئاشکرا بکەن و ڕاپۆرت لە پێشمەرگەکان بدەن. ئەو هەڵسوکەوت و کردەوانەی ڕێژیمی ئێران تەنیا بوختان و تۆمەت هەڵبەستن بۆ پێشمەرگە و بە مەبەستی خەوشدارکردنی سیما و هەیبەتی پێشمەرگەیە و دوورە لە هەر ڕاستییەک.

## مەسعوود تەک هاودەردی و هاوخەمیی خۆی بە بۆنەی شەهیدبوونی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات دەربڕی

مەسعوود تەک، سکرتێری پارتی سوسیالیستی کوردستان ـ باکوور، لە سەردان بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوخەمیی خۆی بۆ شەهید بوونی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی.
ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٨ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، شاندێکی پارتی سوسیالیستی کوردستان ـ باکوور(PSK) بە سەرپەرەستی «مەسعوود تەک» سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێشوازییان لێ کرا.
لەم سەردانەدا، هەیئەتی پارتی سوسیالیستی کوردستان ـ باکوور، هاودەردی و سەرەخۆشیی خۆیان بۆ حیزبی دێموکرات بەبۆنەی شەهیدبوونی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچەی شنۆ و سەوڵاوا پێشکەش کرد.
هەروەها لەسەر دۆخی کورد لە باکووری کوردستان و خەباتی سیاسی و مەدەنیی پارتی سوسیالیستی کوردستان ـ باکوور بە شێوەی یاسایی، مەسعوود تەک باسێکی پێشکەش کرد و لە باسەکەیدا ئاماژەی بە پێکهێنانی بەرەیەک لە ٥پارتی کوردی باکوور کرد کە پێکەوە لە سەر ماف و داخوازییەکانی کورد و پرسە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە کورد لە تورکیە پێکەوە هاوکارییان هەیە.
مەسعوود تەک، لە درێژەی باسەکەیدا باسی لەوە کرد، ئێستا لە تورکیە سەرەڕای کۆمەڵێک ئاستەنگ لە سەر پرسی کورد و خەباتی ئێمە، دەرەتانێکی باش بۆ خەباتی سیاسی کورد هەیە و دۆخی سیاسی ئەوەمان لێ دەخوازێ بە وردبینییەوە درێژە بە خەباتی سیاسی بدەین و بتوانین لەو پرۆسەیەدا شوێندانەر بین.
پاشان «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە سەر چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی خۆرهەڵات و گرینگی ئەو خەباتە و پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو جووڵە سیاسی و نیزامیەی حیزب دوا و بە خاڵێکی ئەرێنی وەسفی کرد و گوتی ئەم حزوورەی حیزب لە نێوخۆی کوردستان لە ڕاگەیاندنەکانیشدا ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.
هیجری لە باسەکەیدا بە وردی باسی ئامانجە سیاسییەکانی حیزبی لەم خەبات و بەرخۆدانەدا کرد.
پاش ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون لەسەر پرسی کورد، هەر دوو لایەن لەسەر پێوەندیی دۆستانەیان و هاوکاری سیاسییان لە سەر پرسە سیاسی و نەتەوەییەکان جەختیان کردەوە.

## خۆپیشاندانێک دژ بە هەڕەشەکانی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران لە شاری کۆیە بەڕێوە چوو

خۆپیشاندانێک دژ بە هەڕەشەی بەرپرسانی باڵای نیزامیی ڕێژیمی ئێران سەبارەت بە تۆپباران کردنی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات، لە شاری کۆیە لە کەمپی ئازادی بەڕێوە چوو.
ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لایەن و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور و کەسایەتییە سیاسی و هونەرییەکان، خۆپیشاندانێک دژ بە هەڕەشەی نیزامیی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی باشوور، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات پێکهات.
لەو کۆبوونەوەدا خەڵکی مەدەنی و ژن و منداڵ بەشدار بوون، دواتر پرێس کۆنفرانسێک لەو پێوەندییەدا بەڕێوە چوو کە حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو پرێس کۆنفرانسەدا باسی لەوە کرد کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران تەنیا زمانی زۆر دەزانێت و لە ڕێگای شەڕ و ئاژاوە و هەڕەشەوە هەوڵی داوە کە خۆی بسەپێنێت.
شەرەفی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ڕایگەیاند، حیزبی دێموکرات ماوەی ٢٠ ساڵە خەباتی چەکداریی لە بەر بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەم بەشەش هەر خاکی ئێمەیە، ڕاگرتووە، بەڵام بەداخەوە نە هەرێمی کوردستان توانی وەڵامی ئەو دەرفەتە بداتەوە نە ڕێژیمی ئێرانیش توانی جوابی هەرێمی کوردستان بداتەوە.
جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات هەروەها باسی لەوە کرد کە ئەو حەرەکەتەی ئێمە تەنیا ئیرادەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و هیچ لایەنێک یا وڵاتێکی ناوچە یا ڕۆژئاوایی پشتیوانیی لە ئێمە نەکردووە، ئەگەرچی ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات پێوەندییەکی قووڵمان لەگەڵ وڵاتانی دێموکرات هەیە.
شەرەفی لە کۆتایی قسەکانیدا سپاسی هەموو ئەو حیزب و لایەن و کەسایەتییانەی کە لەو خۆپیشاندانەدا بەشداربوون کرد و ڕایگەیاند کە یەکگرتوویی کورد هەموو دوژمنانی کورد بە چۆکدا دێنێت.
لەو خۆپیشاندانەدا، حیزبی شیوعی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، تۆڕی چەتری ڕێکخراوەکانی کۆیە و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بەشدار بوون و پشتیوانییان لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد.

## سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نامەیەکی بۆ باڵوێزخانەی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان و ڕاگەیەنە گشتییەکان نارد

سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نامەیەکی بۆ باڵوێزخانەی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان و ڕاگەیەنە گشتییەکان لەپێوەندی لەگەڵ هەڕەشەی هێرشی نیزامیی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر کەمپەکانی حیزبی دێموکرات نارد.

دەقی نامەکە:

بە دوای هێرشە جیاجیاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی ١٥ی ژوئەنی ٢٠١٦ی زایینی تا نووسینی ئەم نامەیە، ٩ پێشمەرگەمان شەهید بووە، ئەوە لە حاڵێکدایە لە هیچکام لەو شوێنانە پێشمەرگە هێرشی بۆ سەر هیچ دام و دەزگا یان کەسایەتییەکی حکوومەتی نەکردووە، بەڵکوو ئەرکی ئەوان پێوەندیگرتن لەگەڵ خەڵک، تەبلیغی سیاسی و تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئەوان بووە، بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە هێرشیان کراوەتە سەر بەرگرییان لە خۆ کردووە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێجگە لە شەهیدکردنی ئەو پێشمەرگانە بەهانەی دەست کەوتووە بۆ تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ئێران و عێراق و شوێنە شاخاوییەکانی نێوخۆی کوردستانی ئێران، بەم چەشنە بووتە هۆی ئاورتێبەردانی دەیان هێکتار باخ و لەوەڕگەی گوندنشینانی ئەو ناوچانە، بریندار بوونی پێنج کەس لە گوندنشینەکانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی عێراق کە ٣ کەس لەوان منداڵن و ئاوارەبوونی دەیان بنەماڵەی گوندنشین و زەرەر و زیانی زۆری دارایی بەوان.

بە دوای ئەوەدا بەرپرسانی پلەبەرزی سەربازی و یەک لەوان «محمد پاکپور» فەرماندەی هێزی زەمینیی سپاسی پاسداران، ڕایگەیاندووە کە؛ هێرش دەکەنە سەر بنکە و شوێنەکانی حیزبی دێموکرات هەڵکەوتوو لە کوردستانی عێراق.

بە لەبەرچاوگرتنی هێرشەکانی هەوایی ئەو ڕێژیمە لە ڕابردوودا بۆ سەر بنکەکانی ئەو حیزبە، لە هێرشی زەمینیی هێزەکانیان لە ساڵی ١٩٩٦بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزب لە شاری کۆیە و لە قووڵایی خاکی کوردستانی عێراق، هەروەها هێرشە زیانبارەکانی بەکرێگیراوانی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر کەمپەکانی موجاهیدین لە شاری بەغدا لە ساڵی ٢٠١٥دا، ئێمە هەڕەشەی ئەم دواییانەی ڕێژیم بە جیددی وەردەگرین.

بۆیە بە ناردنی ئەم نامەیە وێڕای ئاگادارکردنەوەی بەڕێزتان لە مەترسیی ڕوودانی ئەم هێرشانە، داواتان لێ دەکەین لە ڕێگای خۆتانەوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بخەنە ژێر زەخت بۆ ئەوەی دەست لە تۆپبارانی شوێنی نیشتەجێ بوون و کار و ژیانی خەڵکی کورد لە هەردووک بەشی کوردستانی عێراق و ئێران و لە هەر چەشنە هێرشێک بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە شوێنی ژیانی سەدان بنەماڵەی کوردی ئاوارەی کوردستانی ئێرانن خۆ بپارێزێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتاریا
٩٥/٤/١٠

## حیزبی شیوعی داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات لە بەرانبەر ڕێژیمی ئێران و دەوڵەتی تورکیەدا بێدەنگ نەبێت

گەلی کوردستان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی بەدرێژایی مێژوو خوازیاری شەڕ نەبوونە، بەڵکوو هەموو کات بەسەریاندا سەپێنراوە. لەکاتێکدا ئەم گەلە تێکۆشەرە، لەپێناو مافە سیاسی و دەستوورییەکانی‌دا لەخەباتێکی بێ‌وچاندایە، هەردەم دەستپێشخەر بووە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان، بەڵام حکوومەتەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، لەبەرانبەر داوایەکی ڕەوادا بڕیاری سەپاندنی شەڕیان داوە و گەلی کورد و گەلانی ئەو وڵاتانە دەکەنە سووتەمەنی خواست و ئارەزووەکانیان لە ڕێگای ئەو شەڕە نەگریسەوە.

حیزبی شیوعی کوردستان پێی وایە، کە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە گەیشتووەتە ئاستێک کە وڵاتان و ناوەندەکانی بڕیار لە جیهاندا بە بەشێکی گرینگ و سەرەکی چارەسەریی کێشەکان و جێگیریی باری سیاسی و چەسپاندنی دێموکراسی لەناوچەکەدا دادەنێن و چیتر ناتوانرێت ئەم دۆزە پشتگوێ بخرێت و جێگای بایەخ نەبێت.

بژاردەی شەڕ بۆ کۆتایی هێنان بەدۆزێکی ڕەوای وەکوو دۆزی گەلی کوردستان، جگە لەوەی بووەتە ئەزموونێکی تاڵ لە مێژووی پێکەوەژیانی گەلانی ئەو وڵاتانە و هۆی کاولکاری و هەژاری و بێکاری و درێژەدان بەفەرمانڕەوایەتی نادێموکراسی، هیچ مانایەکی دیکە نابەخشێت و نەیبەخشیوە.

وێڕای پاڵپشتیمان بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لەچوار بەشی کوردستان، دووپاتی سووربوونمان لەسەر چارەسەری سیاسییانەی ئەو دۆزە دەکەینەوە، ڕێگای دانووسان و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ، کە فراوانترین پاڵپشتی جەماوەری و سیاسی هەیە و خواستی تەواوی گەلانی ئەو وڵاتانەیە و هیچ جێگرەوەیەکی نیە و بە باشترین بژاردەی دادەنێین.

چارەسەری ئاشتیانە جگە لەوەی کە کۆتایی هێنانە بە هەدەردانی توانای مرۆیی و مادی، لەهەمان کاتدا، وڵات بەرەو پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ئابووری دەبات.

داوای پاڵپشتی ئاشتیخوازانەی گەلانی جیهان بەگشتی و گەلانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بەتایبەتی، دەکەین بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕ و چەسپاندنی ئاشتی و پێکەوە ژیان و ئاوەدان کردنەوە.

ئەو پەلامارە سەربازییانەی کە لە لایەن تورکیە و کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، کە خەڵکی بێچەک و مەدەنی دەبێتە قوربانی و ئاڵۆزیی و بارودۆخێکی لەناوچەکەدا دروستکردووە، ڕەت دەکەینەوە و داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرکردایەتی سیاسی هەرێم و عێراق دەکەین کار بۆ کۆتایی هێنان بەو دەستدرێژییانە بکەن، کە دەکرێتە سەر سەروەری گەل و وڵاتەکەمان.

داوای هاوکاریی خێرا بۆ ئەو خێزان و جوتیارانە دەکەین کە بەهۆی ئەو بۆردومان و تۆپبارانانەوە ئاوارە بوون، سەرکەوتو بێت خەباتی ڕەوای گەلی کوردستان.

مەکتەبی سیاسی
حیزبی شیوعی کوردستان — عێراق
٢٧ی حوزەیرانی ٢٠١٦

## بانگەوازی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا

کۆمەڵانی خۆڕاگر و ئازادیخوازی کوردستان!

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، ٢٧ ساڵ لە کارەساتی تیرۆریستیی وییەن کە تێیدا دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر مێزی وتووێژ بۆ چارەسەری پرسی کورد لە کوردستانی ئێران بە دەستی دیپلۆماتە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کرا، تێدەپەڕێت.

تیرۆری دوکتور قاسملوو یەکێک لە کارەساتە دڵتەزێنەکانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی هاوچەرخی کورد بوو کە ئامانج لەو پیلانە دژەمرۆییەی ڕێژیم، بەچۆکداهێنانی حیزبی دێموکرات و پاشگەزکردنەوەی لە خەبات بۆ دابینکردنی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بوو، بەڵام قوتابیانی دوکتور قاسملوو لە حیزبی دێموکراتدا بە پشتبەستن بە هێزی لەبڕاننەهاتووی خەڵکی کوردستان و ئیلهام وەرگرتن لە ڕێنوێنییەکانی دوکتور قاسملوو، سەربەرزانە توانیان درێژە بە خەباتی ڕزگاریخوازانە بدەن و حیزبی دێموکرات وەکوو شۆڕەسواری مەیدانی ئەو خەباتە بمێنێتەوە.

خەڵکی مافخوازی کوردستان!

هەروەکوو ئاگادارن، ئەمساڵ لە چوارچێوەی هێڵە سەرەکییەکانی پەیامی نەورۆزیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کە هەڵگری پەیامی ڕاسانی بزووتنەوەی کورد لەو پارچە داگیرکراوەی نیشتمانەکەماندا و پێکەوە گرێدانی خەباتی شاخ و شار بوو، قوتابیانی قاسملوو و ڕۆڵە پێشمەرگەکانی ئێوە لە حیزبی دێموکراتدا بە ئامادەبوونیان لە نێو ئێوەدا قەڵای جەوری داگیرکەرانیان وەلەرزە هێنا و گیانی شۆڕش و ژیانەوەیان بە بەر ئەو پارچەیەی کوردستاندا کرد.

ئەو هەنگاوە پیرۆزەی پێشمەرگە لەگەڵ دژکردەوەی توندی ڕێژیم و هێزە دژی گەلییەکانی بەرەوڕوو بوو و لە چەندین شوێنی کوردستاندا پێکدادانی خوێناوی هاتە ئاراوە.

چیرۆکی شەڕە حەماسییەکانی گوندی «قەرەسەقەل»ی شنۆ و شاخی «کۆسالان»ی سەوڵاوا و ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە کوژران و برینداربوونی دەیان کەس لە فەرماندەکان و بەکرێگیراوانی سپای تیرۆریستیی پاسدارانی لێ‌کەوتەوە، بە خوێنی ئاڵی چەندین پێشمەرگەی قارەمانی حیزبەکەمان نەخشا کە بۆ تا هەتایە لە مێژووی بزاڤی ئازادیخوازیی کورددا وەکوو ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەدرەوشێنەوە.

ئەو حەماسە خولقاندنەی پێشمەرگە گیان لە سەر دەستەکانی کوردستان کە هەڵگری پەیامی ئامادەیی ئەوان لە مەیدانی خەبات بۆ پاراستنی خەڵك و خاکی کوردستاندایە، بەشێك لە پرۆسەی پێکەوەگرێدانی خەباتی شاخ و شارە کە شاخ پەیامی خۆی بە دەنگێکی بەرز و دلێرانە بە گوێی جیهان گەیاند و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی شاریش وەڵامێکی شیاو بەو گیانبازییانە بدەنەوە و بوونی خۆیان لە گۆڕەپانی مافخوازیی نەتەوەکەیاندا بسەلمێنن.

بۆ ئەو مەبەستە داوا دەکەین ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، واتە ساڵوەگەڕی تیرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەری شەهیدمان، دوکتور قاسملووی نەمر، بکەینە ڕۆژی مانگرتنی گشتی لە سەرانسەری کوردستانی ڕۆژهەڵات و پەیمانی وفاداری لەگەڵ ئامانجە بەرزە مرۆییەکانی شەهیدان نوێ بکەینەوە.

داواکارین لەو ڕۆژەدا:

١. دوکان و بازاڕەکان لە هەموو شار و گوندەکانی کوردستاندا دابخرێن.
٢. خەڵک لە چوون بۆ سەر کارەکانیان خۆ ببوێرن.
٣. گوندنشینانی کوردستان لەو ڕۆژەدا هاتوچۆی شارەکان نەکەن و لە گوندەکانیاندا بمێننەوە.
٤. شوێنە گشتییەکان بە هێما و سیمبۆلەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی کوردستان (وەکوو ئاڵای کوردستان، ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و وێنەی ڕێبەرانی شەهید و شەهیدانی نوێی بزووتنەوە ڕەواکەمان) بڕازێننەوە.

بێگومان سەرکەوتنی ئەو مانگرتنە گشتییە پێویستی بە بەشداریی چالاکانە و ئیرادە و یەکگرتوویی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانە و نیشانەی ئەمەگناسی بەرانبەر بە گیانبازیی شەهید دوکتور قاسملوو و شەهیدانی ڕاسانی ئەمساڵی حیزبی دێموکرات و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان دەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی

## سوپای پاسداران چەکی قورس و تانک ڕەوانەی کوردستان دەکا

سوپای تیرۆریستیی پاسداران بە تۆپ و تانک و چەکی قورسەوە دەیەوێ خەڵکی کورد چاوترسێن بکا و گوندەکانی کوردستان وێران بکا.

سوپای تیرۆریستیی پاسداران کە دوای شکستە ئابڕووبەرانەکەی لە بەرانبەر پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتدا، وەلەرزە کەوتووە و دوای نارەزایی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە کردەوە تیرۆریستی و سەرکوتکەرانەکانی لە گوندەکان، دەستی داوەتە ڕاگواستنی چەکی قورس و تۆپ و تانک و بەرەو شار و گوندەکانی کوردستان دەیاننێرێ.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٠ی پووشپەڕی ١٣٩٥، خەڵکی کورد بینەری جموجۆڵەکانی سوپای تیرۆریستیی پاسداران بوون کە تۆپ و تانکی لە شارەکانی کوردستان دەگواستەوە و ژمارەی ٨ تانک و چەندین تۆپ بینراون کە لە جادەکانی نێوان مەهاباد بۆ نەغەدە و نەغەدە بۆ پیرانشار و سەردەشت دەگوێزرانەوە.

شیاوی ئاماژەیە کە چەند ڕۆژ پێش، سوپای پاسداران بە تۆپ و چەکی قورس شاخ و بەرزاییەکانی کوردستانیان تۆپباران کرد و بە گوێرەی هەواڵەکان ئاگری لە گوندەکانی دەوروبەری سەردەشت بەرداوە.

## شاندێکی KCK هاوخەمیی خۆی لەگەل حیزبی دێموکرات دەربڕی

شاندێکی KCK لە سەردان بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوخەمی و هاودەردیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٠ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، دوکتور «حوسێن» بەرپرسی پێوەندییەکانی کەجەکە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی «ڕۆستەم جەهانگیری»، ئەندامی دەفتەری سیاسی پێشوازی لێ کرا.

لەم سەردانەدا، شاندی کەجەکە هاوخەمی و هاودەردیی پارتی کرێکارانی کوردستانی لە دوای شەهیدبوونی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حەماسە تەژی لە قارەمانیەتیەکانی ئەم دوایانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەم حیزبە ڕاگەیاند.

دواتر هەردوو لایەن لەسەر دۆخی تازەی ناوچەکە، ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر پرسە پێوەندیدارەکان بە هەر دوو لا کرد.

## کوردستان بەرەوپیری ٢٢ی پووشپەڕ چوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ٢٧ـەمین ساڵڕۆژی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملوو، لە شاری ورمێ و گوندی تەنگیسەری دێموکرات پەروەر تراکت و وێنەی شەهید دوکتور قاسملوویان بڵاو کردووەتەوە.

ورمێ:

لە شاری ورمێ و دەوروبەری ئەندامانی بە ئەمەگ و دڵسۆزی ڕێگای شەهیدانی حیزبی دێموکرات، تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاو کردووەتەوە و ئەو شوێنانەی چالاکی لێ ئەنجام دراوە بریتین لە: گوندی نەرگی، حەفتئاباد، سێ گورگان، زێوە، هاشمئاباد. هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە نووسینی دروشمی تایبەت بەو ڕۆژە، تێرۆریزمی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم و وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی قاسملوو نوێ کردووەتەوە.

سەڵماس:

ڕۆڵە قارەمانەکانی دێموکرات لە شاری سەڵماس لە گوندی «دێلەزی» سەر بە ناوچەی شپیران، دروشمی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕیان لە سەر دیوارەکان نووسیوە.

سنە:

ئەندامان و لایەنگران و ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری سنەی قارەمان، شەوی پێنجشەممە لە سەر هەینی ڕێکەوتی ٩ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە گوندی تەنگیسەری دێموکرات پەرەوەر بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ و وێنەی شەهیدان پەیمانیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات نوێ کردوە.

### درێژەی پەیڤ

نەتەوەیی دێموکراتیکی کورد پشتیوانێکی دیکەی دۆزیوەتەوە ئەویش خودی کۆمەڵگای نیشتەجێی شار.

بەڵام لەم نێوەدا دەنگی شاخ، نەک دەنگی فەرامۆشکراو و پەراوێز خراو نابێ، بەڵکوو شاخی خۆڕاگر و هێمای خەبات و بەردەوامیی کۆڵنەدان، زایەڵەی لە شاردا دەبیسێتەوە و شاری کوردستان بە مانگرتنی خۆی، دەبێ بە دەنگی دلێری شاخ.

## بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە شاری شنۆ چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو

ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆ، لە گوندی «ئالیاوێ»، شەوی ١٣ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ٢٧ـەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات «خەباتی شار و شاخ»، بە نووسینی دروشمی حیزبی، ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕیان بەرز ڕاگرت.

## ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێران پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد

ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێران، سەبارەت بە شەهیدبوونی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی شنۆ وێڕای هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی حیزبی دێموکرات کرد.

ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێران، لە تەلەڤزیۆنی فەرمیی خۆیدا «سیمای آزادی»، بە بۆنەی شەهیدبوونی ٦ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی شنۆ، سەرەڕای بەرز نرخاندنی قارەمانییەتی پیشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، لە دژی داگیرکەرانی کوردستان، سەرەخۆشی خۆی لە حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی ئەو پۆلە شەهیدە کرد.

هەروەها، ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێران هاودەردەی و هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی ئەو شەهیدانە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی.

## حەسەن شەرەفی:

# حیزبی ئێمە زام هەڵدەگرێ بەڵام بەچۆکدا نایە



دەقی وتەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب کاک حەسەن شەرەفی، لە ڕێوڕەسمی سەرەخۆشیی شەهید شۆڕش مینبەری‌دا

هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا سکرتێری حیزب، هاوڕێیان لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدی تازەمان، میوانانی ئازیز، خوشك و برایانی کادر و پێشمەرگەی حیزبەکەمان، ئەمڕۆ لێرە کۆ بووینەوە، لە حاڵێکدا کە خەمی گەورە و گران و تاسەی قووڵی لەدەستدانی پۆلێك لە پێشمەرگەکانمان بەسەر گیانماندا و دڵماندا هەروا قورسایی دەکا و لەو حاڵەدا زامێکی دیکەش کەوتە سەر جەستەی حیزبەکەمان و بە شەهید بوونی هاوڕێی تێکۆشەر و خۆشەویست و ئازیزمان کاك شۆڕش مینبەری، خەمێکی دیکە زیاد بوو بە خەمەکانمان. کاك شۆڕش کێ بوو؟، بۆ ئەو و بۆ گەورەیی ئەو ئەوەندە بەسە بڵێین پەروەردەی باوەشی نییەر بوو. بڵێین ڕۆڵەی شەهید و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. بڵێین بنەماڵەی شەهیدی سەربەرزی حیزبەکەمان بوو. کەسێك لەو شوێنە و لەژێر سێبەری ئەو باوکە پێشمەرگە شەهیدە و لەژێر سێبەری بنەماڵەیەکی شەهیدپەروەردا پێگەیبێ، هەر دەبوو کاك شۆڕشی لێ بەرهەم بێ. ژیاننامەکەی ئاماژە بە زۆر شت دەکات، ئەوەی کە بڵاو دەبێتەوە تەنیا بەشێکی کەمە لە تایبەتمەندییەکانی کاك شۆڕش، بەڵام هەموو ئێمە کە لە نزیکەوە دەمانناسی، دەمانزانی کە تایبەتمەندیی زۆر لەوە پتر بوو، لەوەی گەورەتر بوو، لەوەی تێکۆشەرتر بوو. تێکۆشەر تا ئەو جێگایەی کە نیشانی دا بە گیانی خۆی و بە خوێنی خۆی کوردستان دەنەخشێنێ و حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی خۆی و بابی و «نییەر» سەربەرز و سەرفەراز دەکات. ئێمە لێرە کۆ بووینەوە کە ئەوە وەکوو ئەو خەمە باس بکەین، یا ئەوەی کە ڕاستییەکی دیکەش بێنینەوە گۆڕێ. ئەوەیکە خەمەکە قورس و گرانە گومانی تێدا نیە، ئەوە کە دڵی هەموومان وەك یەك بریندارە بۆ خۆشەویستێکمان، گومانی تێدا نیە، لێرەدا حەقیقەتێکیش هەیە، کە کۆ دەبینەوە لەو ڕێوڕەسمانەدا، پتر بۆ ئەوەیە کە ڕێز بۆ فیداکاریی ئەو شەهیدانە دانێین و ڕێز گرتنیش لە فیداکاریی ئەوان تەنیا بە درێژەدانی ڕێگایان دەستەبەر دەبێ. هیوادارم هەمووماندا لە بڕینی ئەو ڕێگایەدا کە حیزب لەبەر پێی داناوین، هەروەها هەمووماندا ئەو ڕێگایەی کە ڕێبازی شەهیدان و شەهیدانی ڕێبەرمانە و ئێستا لە بەردەمی ئێمەیە، دەبێ بیپێوین و دەبێ بە ئامانج بگەین، ئەو ئامانجەی کە ئامانجی ڕێبەرانی شەهیدمان و هەموو شەهیدانی حیزبەکەمان و گەلەکەمان بوو. پەیامی نەورۆزیی ئەمساڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە شوێنێکی تایبەت و لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزبەوە ڕاگەیەندرا، پەیامێك نەبوو لەبەر ئەوەی شوێنەکەی خۆشە، لەبەر ئەوەی کە کاتەکەی گونجاوە، پەیامێك بوو هەڵقوڵاوی ئیرادەی نەتەوەیەك و ڕێبەری ئەو نەتەوەیەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، پەیامی کومیتەی ناوەندی و ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە بوو کە سکرتێری گشتی ڕایگەیاند. پەیامێك بوو لەسەر بنەمای لێکدانەوە، پەیامێك بوو بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەین دەست بە دەمماندا بگیرێ، دەستمان بۆ دەستهەڵبڕین وەبەردەست بێ. پەیامێك بۆ ئەوەی ئەو خەبات و فیداکارییەی پێشمەرگە لە شاخ دەیکا، ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی نەتەوەکەشمان لە شار دەیکا، لێکیان گرێ بدا و هەموو شێوەکانی خەبات لە هەر شوێنێك و لە شار و لە شاخ، ببنە زنجیرەیەك لە خەباتی حیزبێکی تێکۆشەر. هەر شەهیدێکمان عەڵقەیەکی ئەو زنجیرەیە کە قورس و قاییمی دەکا. خوێنی هەر خۆشەویستێکمان وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و گەیشتن بەو ئامانجانە سەربەرزییە بۆ حیزب و لە نێو حیزبیشدا ئەو عەڵقانە لێك قاییم دەکەن و ئەو خەباتە دەستەبەر دەکەن و ئەو ئامانجانە وەدی دێنن. ئێمە هەموومان ڕۆڵەی ئەو حیزبەین و هەمووشمان ئامادەی بەجێ‌هێنانی ئەو ئەرك و ڕاسپاردانەین کە حیزبەکەمان پێمان دەسپێرێ. ڕێگاکە سەخت و دژوارە، دوژمنانمان وەحشی و هارن. بۆیە حیزبی دێموکرات پێشبینیی کردبوو کە لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجەدا، گرێدانی خەباتی شار و شاخ و بەرینتر کردنەوەی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەزینەهەڵگرە و بەداخەوە هەزینەکەشی زۆر گرانە. گیان و ژیانی خۆشەویسترین کەسەکانی ئەو حیزبەیە. بەڵام لە هەمانکاتدا هەر ئەو حیزبەی کە پێشبینیی کردبوو هەزینەکەی سەخت و گران و قورسە و خەمی بەدواوەیە، دەشیزانی و چاوەڕوانیش بوو کە بەرهەمەکەی سەرفرازی و سەربڵیندییەك بێ بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاڵاهەڵگری بەرینترکردنەوەی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. دەبینین ئێستا، ئەو چاوەڕوانییەش وەدی هاتووە. وەك چاوەڕوانیی گرانیی هەزینەکەی، دیترا چاوەڕوانیی سەرفەرازی و سەربڵیندییەکەشی دیترا. دەبینین لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات چ جووڵەیەك هەیە، دەبینین چ هەستێك هەموو وجوودی کچان و کوڕان و سەرجەم خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی داگرتووە. دەبینین چ شوور و شەوقێك چ عەلاقەیەك و چ ئامادگی و فیداکارییەك بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە لە ڕەوتی ئەو خەباتەدا لە نێو ڕیزەکانی حیزب و کادر و پێشمەرگەدا بەدی دەکرێ. حیزبێك ئەو ڕۆڵانەی هەبێ، حیزبێك ئەو فیداکارانەی هەبێ، حیزبێك ڕۆڵەکانی لە نێوخۆی هەبێ و حیزبێك خاوەنی ئەو هەموو مێژوو و سیاسەتە دروست و ئەو هەمووە قارەمانەتییەی پێشمەرگەکانی بێ، چۆن دەکرێ کەسێك خەونی نەمانی پێوە ببینێ. ڕاستە ئێمە خۆشەویست و ئازیزێك لەدەست دەدەین، بەڵام میلەتێك سەربڵیند دەکەین و حیزبەکەمان لە نێو نەتەوەی کورددا لەو جێگایە دادەنێین کە چ لە ڕابردوودا و چ لە ئێستادا دەبێ لەو جێگایەدا بێ، کە دەبێ لێی بێ. ڕوو لە بنەماڵەی شەهیدی تازەمان کاك شۆڕش دەکەم! هاوسەری هاوڕێ خۆشەویستەکەمان، خوشکە ئازیزەکەی هەمووماندا، کاك شۆڕش لەکیس هەمووماندا چوو، بەڵام نە تۆ نە هیچمان بێکەس نین. چونکوو هەمووماندا خاوەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانین، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەندارەتیی هەمووماندا دەکا و باوکی هەمووماندا. بۆیە باش دەزانین کە ڕۆڵە ساواکەت هەتا دوێنێ بەشێکی قورس لە ئەرکەکەی لە ئەستۆی شەهیدی تازەمان بوو و لەمڕۆوە هەمووی لە ئەستۆی تۆ دەبێت و دەبێ جێگای خۆت و جێگای باوکی بۆ پڕ بکەیتەوە، بەڵام دڵنیابە هەموو هەست و سۆزی هەر کادر و پێشمەرگەیەك و ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە لەگەڵ ژیانی تۆیە، لەگەڵ ژیانی منداڵەکەی تۆ و لەگەڵ بنەماڵەی تۆیە. هیوادارم خەمی لەو بابەتە، ڕوو لە هیچ بنەماڵەیەکی حیزبی و ڕوو لە بنەماڵە گەورەکەمان، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەکات، بەڵام شۆڕشەکەمان و خەباتەکەمان لەوانەیە پێویستی بێ دیسان خەمی دیکەمان بەرەوڕوو بکاتەوە، بەڵام حیزبی ئێمە فێرە کە زام هەڵبگرێ بەڵام بەچۆکدا نەیە، لەگەڵ دەیان و سەدان گیروگرفت بەرەوڕوو بێ، بەڵام گنجی بە نێو چاوانیدا نەیە و لەسەر پێ ڕاوەستێ قورس و قاییم و بەرەوپێش بردنی خەباتەکە بە ئەرکی سەرەکیی خۆی بزانێ و دەیزانین. جارێکی دیکە بە ناوی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتەوە سەرەخۆشی لە خۆمان و لە بنەماڵە بەڕێزەکەی و خوشکە ئازیزەکەمان دەکەین، هیوادارم هەروەك چۆن خەمی لەدەستدانیمان هەڵگرتووە، ئاوا بەڵێنی درێژەدانی ڕێبازەکەشی دووپات بکەینەوە.

> **حیزبێک ئەو ڕۆڵانەی هەبێ، حیزبێک ئەو فیداکارانەی هەبێ، حیزبێک ڕۆڵەکانی لە نێوخۆی هەبێ و حیزبێک خاوەنی ئەو هەموو مێژوو و سیاسەتە دروست و ئەو هەمووە قارەمانەتییەی پێشمەرگەکانی بێ، چۆن دەکرێ کەسێک خەونی نەمانی پێوە ببینێ**

سەلامەتی بۆ هەمووتان

ڕۆحی شاد بۆ شەهیدە تازەکەمان بە ئاوات دەخوازین

هیوادارم حیزبەکەمان سەرکەوتوو بێ کە سەرکەوتنی هەمووماندا.

## دەورەی ٢١٩ی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆتایی پێهات

ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی کۆتایی هاتنی سەرکەوتوانەی ٢١٩ـەهەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان، لە لایەن کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو.

ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ١١ی پووشپەڕی١٣٩٥ی هەتاوی، لە سەر سنووری ڕۆژهەڵات - باشووری کوردستان، ڕێوڕەسمی کۆتایی هاتنی دەورەی ٢١٩ی سەرەتایی پێشمەرگە بەڕێوەچوو و پۆلێک لە لاوانی قارەمان و نیشتمانپەروەر پەیوەست بە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی بوون.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێکرد.

پاشان ئۆمید مەندومی بە ناوی فێرگەی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیامێکی پێشکەش کرد.

مەندومی لە قسەکانیدا وێڕای ئاماژە بە تایبەتمەندیی دەورەی ٢١٩، ڕایگەیاند کە پێشمەرگەکانی ئەم دەورە نیشانیان دا کە تۆپبارانەکانی کۆماری ئیسلامی نەیتوانی پێش بە بەڕێوەچوونی ئەم دەورە بگرێت. ناوبراو هەروەها ئاماژەی بە شەهیدانی ئەم دواییەی قۆناغی ڕاسانی حیزبی دێمۆکرات کرد و جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە ئەم دەورە بە کردەوە پیشانی دا کە درێژەپێدەری ڕێگەی شەهیدانە.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕەحیم مەنگوڕی، فەرماندەی هێزی تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وتارێکی پێشکەش کرد.

ناوبراو لە باسەکەی خۆیدا جەختی لە سەر پەروەردە و پێشمەرگە لەم قۆناغە نوێیەی خەبات، کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێکردووە، کرد. فەرماندەی هێزی تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەی بە چەند ئەزموونێکی نوێ لە خەبات و گرینگیی ڕۆڵی پەروردە و نوێ کردنەوەی پەروەردەی پێشمەرگە کرد.

پاشان شۆڕش ئەڵڵاوەیسی یەکێک لە مامۆستاکانی فێرگەی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕاپۆرتێکی لە سەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی دەورە پێشکەش کرد. لەم ڕاپۆرتەدا بە تێروتەسەلی باسی بەشە جیاجیاکانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە کرابوو.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا «سەعید سوارە» یەکێک لە بەشداربووانی دەورەی ٢١٩، شیعرێکی پێشکەش کرد. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا، خەڵاتی سێ کەسی یەکەم لە بواری تاقی کردنەوەکان و هەروەها سێ کەسی یەکەم لە بواری ئەخلاق و دیسیپلینی پێشمەرگانە بە ٦ پێشمەرگەی بەشداربوو لە دەورە پێشکەش کرا. پاشان وتارێک لە لایەن «ئاسۆ سالًح»، یەکێک لە بەشداربووانی دەورە کە لە دەرەوە و پاش پەیامی ڕاسانی حیزب بۆ کوردستان گەڕابوویەوە پێشکەش کرا. ناوبراو لە وتارەکەی خۆیدا ئاماژەی بە ڕۆڵی پێشمەرگە لە گرێدانی خەباتی شاخ و شار کرد.

لە بڕگەیەکەی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا شیعرێک لە لایەن «کاروان ئاجی» لە بەشداربووانی دەورەی ٢١٩ پێشکەش کرا. پاشان کۆڕی هونەریی دەورە بە سەرپەرەستی سەید یوونس نیکجۆیان گۆرانییەکیان پێشکەش کرد.

پەیامی کۆتایی دەورەی ٢١٩ی سەرەتایی پێشمەرگە لە لایەن «ئاڵا لۆتفی»، یەکێک لە بەشداربووانی دەورەوە خوێندرایەوە.

لە پەیامی کۆتایی دەورەدا جەخت لە سەر ورەی بەرزی بەشداربووانی دەورە و ئامادەبوونیان لە قۆناغی نوێی خەبات کرابوو. لە پەیامەکەدا هەروەها ئاماژە بەوە کرابوو کە هیچ ئاستەنگیەک، لە تۆپبارانەوە تا فڕۆکەی شناسایی ڕێژیم، نەیتوانیوە پێش لە بەڕێوەچوونی دەورە بگرێت.

لە دەورەی ٢١٩ی سەرەتایی پێشمەرگەدا لاوانی نیشتمانپەروەی هەموو بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێیدا بەشداربوون و شانازیی ناوی پێشمەرگایەتیان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پێ بەخشرا.

ڕێوڕەسمی کۆتایی هاتنی دەورەی ٢١٩ی پێشمەرگە بە ئەنجامدانی حەرەکاتی ڕەزمی و هەروەها شایی و هەڵپەڕکێ کۆتایی پێهات.

# ئێران و دەردی لەدایکبوونی کوردستانی سەربەخۆ

عەلی عەونی

لە کوردەواریی خۆماندا قسەیەك هەیە دەڵێ: یەکێك حەزی لە خواردنی گۆشتی کەربوو، دەیگوت گوێچکەکانی وەك کەروێشکن!!

لە دوایین هەینیی مانگی ڕەمەزان کە فارسەکان ناویان لێناوە ڕۆژی قودس، حوسێن سەلامی جێگری فەرماندەی سوپای پاسداران، هەڕەشەی لەناوبردنی کوردستان و ئیسراییلی کردووە. جارێ لە بارەی هەڕەشەکردن بۆ لەناوبردنی ئیسراییل، لەوەتای کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەرکار، درووشمی «ئیسراییل دەبێ لەناو بچێت»، هەر لەکاردا بووە. بەڵام قەت ڕۆژێك ئێران یا نەیتوانیوە کارێکی جیدی بکات، یا خود نەیویستووە زیانێکی جیددی لە ئیسراییل بدات. کە من پێموایە کاربەدەستە فارسەکان زۆر لەوە عاقڵترن کە توخنی ئیسراییل بکەون، ئەگینا خۆتان دەڵێن سەدان هەزار مووشەکمان هەیە بۆ لەناوبردنی ئیسراییل، ئەدی چاوەڕێی چی دەکەن، واتە ئیسراییل ئەو پارووە ئاسانە نیە کە فارسەکان بتوانن بە سانایی قووتی بدەن.

بەڵام لە بارەی هەڕەشەکانیان بۆ سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها وێناندنی بە ئیسراییل، ئەوەی ڕاستی بێت کارنامەی چارەکە سەدەی ڕابردووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر پاك و خاوێنە و هەرگیز نەبووەتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ دەرودراوسێکانی. سیاسەتمەدارانی هەرێمی کوردستان زۆر واقیعبینانە، لەگەڵ هەر سێ وڵاتە داگیرکەرەکەی کوردستان پەیوەندییان هەبووە، هەرگیز لە دیوی هەرێمی کوردستانەوە هەوڵ نەدراوە ئاسایشی ئەم وڵاتانە تێك بدرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە بە دەیان جار و بە دەیان شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی تێکدانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دراوە چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بە بوردمان کردنی گوند و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و چ بە شێوەی ناردنی خۆکوژ و چ بە هاندانی هێزگەلی ناوخۆیی بە ناو کورد و چ لە ڕێگای حکوومەتی ناوەندیی عێراق و بە دانانی ئابلۆقەی ئابووری و عەسکەری و سیاسی لە سەر کوردستان،

گومانی تێدا نیە کە حکوومەتی فارسەکان کە دەیانەوێت بە زۆری و تۆپزی بە حکوومەتی ئێرانییەکانی لە قەڵەم بدەن، لە ناو خۆیدا لە ناکۆکی و پارادۆکسدا دەژیت. جارێ ئەوان بۆ بەردەوامیدان بە کەشی ئەمنی و پولیسی لە ئێراندا، هەمیشە پێویستیان بە دوژمنێکی خەیاڵی و وەهمی هەبووە، چوونکە دەسەڵاتی فارسەکان دەسەڵاتی کەمینەیە بە سەر زۆرینەی غەیری فارسدا، هەر لە ئازەری و کوردستانی وبەلووچ و عەرەب بگرە هەتا گیلەکە تەبەرستانییەکان، کۆنترۆڵ کردنی ئەم هەموو گەل و نەتەوانە بە ڕێگای ئەمنی نەبێت ناکرێت. ئەمەش نەخۆشییەکی درێژخایەنە کە حکوومەتی فارسەکان لە کۆنەوە پێیەوە دەناڵێنن.

جێگری فەرماندەی سوپای پاسداران بە بیانووی شەڕەکانی ئەم دوایییەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران (حدکا) لە ناو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم هەڕەشە توندەی کردووە، حکومەتی فارسەکان بەجێگای ئەوەی بەدوای هۆکارەکانی نارەزایەتیی گەلانی نێوخۆی ئێراندا بگەڕێت، کە تەنانەت لە زۆر ڕووەوە خودی فارسەکانیش لەو حکومەتە ڕازی نین، بەجێگای ئەوەی بەدوای چارەسەر لە نێو خۆیدا بگەڕێت، هەڵدەستێت بە خۆ گێف کردن و هەڕەشە و گوڕەشە لەسەر کوردستان. ئەوە هەرێمی کوردستان نیە کە بووەتە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕی چەکداری لە نێوخۆی ئێراندا، بەڵکوو ئەوە کەڵەکە بوونی گرفتە چارەسەر نەکراوەکانی نەتەوەکانی ژێردەستی دەسەڵاتداریی فارسەکانە.

دەوڵەت و کەسە شکست خواردووەکان، بۆ گەڕان بە دوای هۆکاری شکستیان، هەمیشە بە دوای تاوانباردا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی گوناحی خۆیان بخەنە ملی کەسێك، ئەگینا سیاسەتی حکومەتی هەرێم «ئاسایشی جیران ئاسایشی ئێمەیە«بووە، مافی خەبات بۆ ئازادی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ گەلی ئێمە پارێزراوە، بەڵام خۆیان بڕیار دەدەن چۆن ئەو مافە بەدەست دێنن.

بەڵام بۆ ئەوان کوردستان لە هەر شوێنێك پێش بکەوێ دەبێ پێشی پێ بگیرێت. هەڕەشەی حوسێن سەلامی لەبەر خەباتی ڕۆژهەڵات نیە بەڵکوو لەبەر لەدایکبوونی کوردستانی سەربەخۆیە.

## هەڕەشەی حوسێن سەلامی لەبەر خەباتی ڕۆژهەڵات نیە بەڵکوو لەبەر لەدایکبوونی کوردستانی سەربەخۆیە



## مەحموود دەرویش پشتگیری لە ڕاسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد

دوکتور «مەحموود دەرویش»، پزیشکی ناسراوی کوردستانی ڕۆژئاوا پشتگیری لە ڕاسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، دوکتور «مەحموود دەرویش» پزیشکی ناسراوی کوردستانی ڕۆژئاوا، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و وێڕای پشتگیری لە ڕاسانی حیزبی دێموکرات ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند کە خۆبەخشانە لە بواری دەرمانیدا هاوکاریی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بکات.

لەو پێوەندییەدا، «محەممەدنەزیف قادری» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای سپاس لە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی دوکتور مەحموود دەرویش هیوای خواست نموونەی کەسایەتی وا بەرز لە بەشەکانی کوردستان زۆر بن.

## شێخسەلاح شێخشەرەف تاڵەبانی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد

شێخ سەلاح شێخ شەرەف تاڵەبانی بە هاوڕێیەتی وەفدێک سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ١٣ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، «شێخ سەلاح شێخ شەرەف تاڵەبانی»، کەسایەتی بەناوبانگی بنەماڵەی تاڵەبانی و شاری کۆیە، بە هاوڕێیەتی وەڤدێک سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی «حەسەن شەرەفی»، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێشوازیی لێ کرا.

لەم دیداردا شێخ سەلاح وێڕای پشتیوانی لە دۆزی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و سەرەخۆشی لە حیزبی دێموکرات بە بۆنەی شەهیدبوونی پۆلێک پێشمەرگە لە قارەمانییەکانی ئەم دواییانەی هێزی پێشمەرگە لە قوولایی خاکی کوردستان، یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد و هێزە سیاسییەکانی بە زامنی دەستەبەریی مافە نەتەوەایەتییەکانی زانی.

لەو پێوەندییەدا، شەرەفی سپاسی هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی وەفدی میوان کرد و ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکرات لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا هەموو کات بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەیی پاراستووە و لە ئێستاشدا بە هەموو توانا کار بۆ یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان دەکا.

## نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، لە شووری ئینترناسیۆنال سۆسیالیست لە شاری ژنێڤ بەشدارییان کرد

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە شاری ژنێڤ پێکهاتوو لە بابان ئەلیاسی و عادڵ ئەلیاسی لە کۆبوونەوەی شوورای ئینترناسیۆنال سوسیالیستدا بەشدارییان کرد.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١١ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە مەقەڕی سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری ژنێڤ لە وڵاتی سویس، کۆبوونەوەی شوورای ئینترناسیۆنال سۆسیالیست بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا، شاندێکی حیزبی دێموکرات پێکهاتوو لە بابان ئەلیاسی و عادل ئەلیاسی، بەشدار بوون.

بابەتەکانی کۆبوونەوەی ئینترناسیۆنال سوسیالیست، سێ بابەتی سەرەکی بوون: وەڵام دانەوەی شیاو بۆ قەیرانە نێونەتەوەییەکانی ئەم قۆناغە، داکۆکی و پاراستنی دێموکراسی، پشتیوانی لە تێکۆشان بۆ ماف و ئازادییەکان لەو جێگایانەی مەترسییان لە سەرە، کارکردن بۆ نەهێشتنی نایەکسانی و بەشداریکردن لەو هەوڵانەی کە کۆمیسیۆنەکانی ئینترناسیۆنال سوسیالیست لەم پەیوەندیەدا دەیدا.

کۆبوونەوەکە، سەرەتا بە قسەکانی «جۆرج پاپاندریۆ» سەرۆکی ئینترناسیۆنال سوسیالیست دەستی پێ کرد.

شاندی حیزبی دێموکرات کە لە پانێلێکدا بەشدار بوو، وتارێکی پێشکەش کرد، کە تێیدا، باسی ڕاسانەوە و مێتۆدی نوێی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، حزووری کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆ، هۆکارەکانی ئەم میتۆدە خەباتە، هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کەمپ و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات، ئەزموونی حیزبی دێموکرات لەو پەیوەندیەدا و ڕاکێشانی سەرەنجی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست بۆ ئەگەری هێرشی کوماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کەمپەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی باشوور ناوەڕۆکی باسی نوێنەرانی حیزبی دێموکرات بوون.

جیا لە پێشکەش کردنی وتارەکە، شاندی حیزبی دێموکرات، ڕاستەوخۆ لەگەل چەندین شاندی بەشداربوو لەو کۆنگرەیەدا دیدارییان کرد و بە نووسراوە، لە سەر بارودۆخی نوێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات زانیاریان پێدان.

شاندە کوردەکانی بەشدار لەو شوورایە، گەڵاڵەیەکیان پێشکەش کرد کە تێیدا داوا لە ئینترناسیۆنال سوسیالیست بکرێ پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی بزاڤی گەلی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بکات.

لە پانێلی ڕۆژی یەکەمی شوورادا، نوێنەرانی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بارودۆخی کوردی بەشەکانیان بە وردی باس کرد.

## سەعدی ئەحمەدپیرە: پشتیوانیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی بۆ دۆزی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دووپات کردەوە

شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سویس لە سێمیناریک کە بۆ سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری زوریخ، پێکهاتبوو بەشداری کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە سەر بانگهێشتی فەرمیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سویس بە سەرپرستی «کامران ڕەسووڵی» بەرپرسی کۆمیتە لە وڵاتی سویس، بەشداریی لە سێمینارێک کە بۆ سەعدی ئەحمەد پیرە پێکهاتبوو کرد.

سەرەتای سێمینارەکە بە سروودی نەتەوەیی ‹›ئەی ڕەقیب» و خولکێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان سەعدی ئەحمەد پیرە باسێکی پێشکەش کرد و ناوبراو لە سەرەتای وتارەکەیدا ئەماژەی بە دۆخی ئێستای کوردستانی باشوور کرد و کێشە و قەیرانی سیاسی و ماڵی و هەروەها ڕێککەوتنی نێوان یەکیەتی و بزووتنەوەی گۆڕانی بۆ بەشدارانشی کردوە.

ئەحمەدپیرە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بە دۆخی کوردستانی ڕۆژهەڵات و شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ئەم دوایانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد.

ناوبراو وێڕای بەرز نرخاندنی هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، پشتیوانیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی بۆ دۆزی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دووپات کردەوە.

لە تەوەرێکی دیکەی سێمینارەکەدا «کامران ڕەسووڵی» بەرپرسی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات لە سویس وێڕای سپاس و پێزان، هەڵوێستی نەتەویی «سەعدی ئەحمەدپیرە» ئەندامی دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرز نرخاند و هاوکات ڕەخنەی لە هێندێ لە میدیاکانی باشوور و یەک لەوان میدیاکانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان گرت بە نیسبەت ڕوماڵ نەکردنی ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

ڕەسووڵی هەروەها داوای لە هەموو ئەو کەسانە کرد کە لە بواری میدیایدا کار دەکەن، ڕووماڵی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵات لە بیر نەکەن و وەبیری هەموو لایەکی هینایەوە کە ئێمە لە بەردەم تاقیکارییەکی نەتەویی داین و پشتیوانی لە جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەرکی هەموو لایەکە، مێژووی خەڵکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەڵوێستەکان لە بیر ناکات.

## جاشەکان لە تەنگیسەر پیلانی نگریس بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە نێو خەڵکدا دەنێنەوە

جاش و مۆرەکانی سەر بە سپای تیرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران، پیلانی نگریس و دزێو بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە شار و گوندەکانی کوردستان دەنێنەوە.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، جاش و مۆرەکانی سەر بە سپای پاسداران و ناوەند و بنکەکانی سەر بەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە، لە گوندی تەنگیسەر خۆیان وەک «گەریلای پژاک» لە قەڵەم داوە و داوایان لە خەڵک کردووە کە شوێنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ئاشکرا و هاوکارییان بکەن.

جاشەکانی سەر بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە گوندی «تەنگیسەر» چوونەتە نێو خەڵک و داوایان لە خەڵک کردووە کە شوێنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ئاشکرا بکەن، چوونکە گوایە دەیانەوێ هاوکاریی پێشمەرگە بکەن. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە دوای حزووری بەربڵاوی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە هەموو شێوەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی هێزەکانی پێشمەرگە کەڵک وەردەگرێت و ئاژاوە و دووبەرەکی لە نێوان خەڵکی کوردستاندا دروست دەکات.

هەروەها سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە ترسی هێزەکانی پێشمەرگە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە چڕی تۆپباران دەکات.

# کرۆنۆلۆژی ڕووداوی «کوی دانشگاه»ی تاران

غالب حەبیبی

ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨ هەتاوی، لە بزاڤی خوێندکاریی ئێراندا بە خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی هەژمار دەکرێت کە حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیی هێنایە ژێر پرسیار و کۆمەڵێک وانەی لە ئازادیخوازی بۆ نەوەکانی پاش خۆی بەجێهێشت. لەم نووسراوەیەدا زنجیرەی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بەو بزاڤە لەدووتوێی ڕۆژژمێرێکدا باس دەکەین:

- لە کۆتاڕۆژی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی، ئەندامانی مەجلیسی خولی پێنجەم کە کۆتا ساڵی کاریی بوو خوێندنەوەی گەڵاڵەیچاککردنی» یاسای چاپەمەنی»یان(اصلاحیە قانون مطبوعات) دەستپێکرد.

- لە ١٢ی مانگدا، کۆڕی مەلایانی تێکۆشەر( مجمع روحانیون مبارز) وەک دژایەتییەک بۆ ئەو گەڵاڵەیە، ڕاگەیەندراوێک لە ڕۆژنامەی دەوڵەتیی «ایران» بڵاو دەکەنەوە.

- ڕۆژی ١٣ی ئەو مانگە، بەیانییەی هۆشدارئامێزی سەرنووسەرانی دە ڕۆژنامەی چاکسازیخواز و شووڕای شاری تاران کە ئەوانیش بە ناوەڕۆکی گەڵاڵەکە ناڕازی بوون لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی «نشاط» بڵاو کرایەوە.

- نێوەڕاستی مانگی پووشپەڕ و ڕۆژێک پێش هێنانەبەرباسی گەڵاڵەکە لە هۆڵی مەجلیس، بەڵگەنامەیەکی ئەمنیەتی لە ڕۆژنامەی «سلام» کە لەوێدا باس لە پێشنیاری سەعید ئیمامی مۆرەی وەزارەتی ئیتلاعات بۆ نووسینەوەی یاسای چاپەمەنی لە ئێراندا کرابوو، بڵاو دەبێتەوە.

- ١٦ی مانگ، مەجلیسی زۆرینە بناژۆخواز، گەڵاڵەی «چاککردنی یاسای چاپەمەنی»ی پەسند کرد.

- هەر ئەو ڕۆژە(شانزدەیەم) بەرەی موشارەکەت(جبهە مشارکت) کە ڕێکخراوی هەرەگەورەی چاکسازیخوازان بوو، بە بڵاو کردنەوەی بەیاننامەیەک، سەبارەت بە ئەگەری داخرانی ڕۆژنامەکان بەتایبەتی «سلام»، هۆشداری دا.

- ئێوارە، کاتژمێر ١٠ی شەوی ١٦ پووشپەڕ، ڕۆژنامەی «سلام» لەسەر سکاڵای وەزارەتی ئیتلاعات و مەحموود ئەحمەدینەژاد کە ئەوکات پارێزگاری ئەردەبیل بوو، داخرا.

- زۆربەی ڕۆژنامەکانی سەر بە دەوڵەتی چاکسازیخوازی محەممەد خاتەمی لە بەیانیی ڕۆژی ١٧ی پووشپەڕدا، دژایەتیی خۆیان بۆ ڕەوتی هێنان و پەسندکردنی گەڵاڵەکە بە شێوەی سەردێڕ و سەروتار و بابەتی شیکاری دەربڕی.

- سەرلەئێوارەی ڕۆژی ١٧ی پووشپەڕ، دوو برا بە ناوەکانی مەنووچێهر و ئەکبەر محەممەدی، گردبوونەوەی خوێندکارانی ناڕازی لەمەڕ داخستنی ڕۆژنامەی «سلام»یان لە ناوچەی زانستگەی تاران (کوی دانشگاه)، لە تەنیشت شەقامی «کارگر شمالی»، ڕێکخست.

- کاتژمێر ١١ی شەو(حەڤدەی پووشپەڕ) کەسانی ناسراو بە «لباس شخصی» و هێزە چەکدارەکانی سەر بە کەڵانتەری ١٢٥ی «یوسفئاباد»، گەمارۆی زیاتر لە ٣٥٠ خوێندکاری ناڕازی کە لەوکاتەشدا پشتگیرییان لە ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی «دفتر تحکیم وحدت» دەکرد، دەدەن.

- لە ساتەکانی دەستپێکی ڕۆژی هەینی ١٨ی پووشپەڕ، خوێندکاران درووشمی دژە ویلایەتی فەقیهـ و پێکهاتەشکێن دەدەن و هێزی چەکداری حکوومەت بە مێڵەی ئاسنین و باتووم دەچنە نێو گوڕەپانی زانستگەی تارانەوە.

- یەکەم کەس کە لەو هێرشەی لیباس شەخسییەکان گیانی لێئەستێندرا، خوێندەڤانی بەڕەچەڵەک کورد عێزەتوڵڵا ئیبراهیم نژاد بوو کە لە تاران سەرباز بوو و بۆ سەردانی هاوڕێکانی چووبووە زانستگەی تاران.

- لە ماوەی چەندین کاتژمێر لە هاتنی ١٥٠ چەکداری حکوومەتی بۆ ناوچەی زانستگەی تاران، زیاتر لە ٨٠٠ ژوور و ٢٤٠٠ تەختی خوێندکارەکان سووتێندران و لەناو چوون.

- تا کاتژمێر ١١ی بەیانیی ڕۆژی هەینی هیچ لێپرسراوێکی حکوومەتی خۆی لە قەرەی ڕووداوەکان نادات و لەو کاتەدا شووڕای ئەمنیی پارێزگای تاران کۆبوونەوە دەکات و بڕیاری هاتنەدەرەوەی هێزە چەکدارەکان لە گۆڕەپانی زانستگە دەدات.

- لە نیوەڕۆی هەینییەوە بەرەبەرە کەسانی نزیک لە دەوڵەتی خاتەمی وەکوو مەجید ئەنساری، مووسەوی لاری و موستەفا موعین بە شێوازی جۆراوجۆر پاڵپشتی لە خوێندکارانی ناڕازی لە ناوچەی زانستگە دەکەن.

- هەڵگرتنی کراسی خوێناویی خوێندکارێک لە لایەن ئەحمەد باتبی و بڵاو بوونەوەی وێنەکەی لە گۆڤاری ئێکۆنۆمیست، دەنگدانەوەی جیهانیی بەدواوە بوو، کە ئەم کارەی باتبی گیران و دەرکردنی لە زانکۆ و سزای لەسێدارەدانی بۆ ناوبراو لێ کەوتەوە.

هەر ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕ، چوار خوێندکاری دیکە بەناوەکانی ئەکبەر و مەنووچێهر محەممەدی، مێهرداد لوهراسبی و عەباس دڵدار، دەستبەسەر و ڕەوانەی گرتووخانە دەکرێن.

- مێهران میرعەبدۆلباقی، حوسەین یەکتا، محەممەدڕەزا کەسرانی، عەلی ڕەحمەتینەژاد، مێهدی ئەمینیزادە، ئەحمەد فەرەجی، ڕەزا نەدیمی فەڕ، جەواد ڕەحیمپوور، ئارمان ڕەزاپوور و... ناونیشانی ئەو خوێندکارانەن کە بۆ ماوەیەک دەستبەسەر و ئەشکەنجە دران.

- ڕۆژی شەممە، نووسراوەگەلی پاڵپشتی لە بزاف و داخوازیی خوێندکاران لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی سەربە ڕەوتی ڕیفۆرم بڵاوکرایەوە و «خرداد» بە تیتری گەورە نووسی: ناوچەی زانکۆ شەڵاڵی خوێن کرا (کوی دانشگاه به خون کشیده شد).

- خوێندکارانی زانستگەی تەورێز بە دەرکردنی بەیاننامەیەک لە لایەن ناوەندی خوێندکارانەوە، پاڵپشتیی خۆیان بۆ خوێندکارانی ڕاپەڕیو لە تاران دەربڕی و هەر لە ڕۆژی شەممە، ١٩ی پووشپەڕدا چالاکیی خوێندکاران گەییشتە سەر شەقامەکانی تەورێز.

- هێزی زیاتری چەکدار لە شەقامەکانی تاران بە تایبەتی لە نزیک زانستگەکانی ئەمیر کەبیر، عیلم و سەنعەت و سەنعەتی شەریف کە هەزاران کەسی لێ کۆببووەوە، بڵاو دەبنەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان گەمارۆی دەدەن.

- ئێوارەی هەمان ڕۆژ( ١٩ی پووشپەڕ) دوو لێپرسراوی دەوڵەتی بە ناوەکانی مستەفا تاجزادە و محەممەدعەلی ئەبتەحی، دێنەنێو کۆڕی خوێندکاران بۆ ئەوەی لە بەردەوامیی ڕێپێوانەکان پاشگەزیان بکەنەوە.

- ڕۆژی یەکشەممە، سەردانی کەسایەتییە سیاسییەکان بۆ لای خوێندکارانی ناڕازی کە لەو کاتەدا شەبەنگی جۆراوجۆری غەیرە خوێندکارییشیان پێوە پەیوەست ببوو، زیاد دەبێ( ٤٠٠٠ کەس) و ئێوارەکەی ڕاگەیندراوی ئایەتوڵڵا مونتەزری بڵاوبوویەوە کە هێرشی هێزی چەکداری حکوومەتی بۆسەر کۆبوونەوەی خوێندکارانی مەحکووم کردبوو.

- لە ٢٠ی پووشپەڕدا دوکتور موعین وەزیری خوێندنی باڵا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕادەگەینێ کە لەگەڵ موخالفەتی محەممەدی خاتمی کە لەدەرەوەی وڵات بوو، بەرەوڕوو دەبێت.

- ئێوارەی یەکشەممە، هێزی ناسراو بە «انصار حزب‌اللە» دەگەڵ خوێندکاران تێکهەڵدەچن و خوێندکاران لە ناوچەی زانستگە بەرەو مەیدانی ئینقلاب ڕێڕەو دەگۆڕن.

- لە تەورێز هێزەکانی حکوومەت هێرش دەبەنە سەر خۆپیشاندەران و کچە خوێندکارێکی کوردی زانستگەی تەورێز بە ناوی مۆژگان تەوەکۆلی گیان لەدەست دەدا و زیاتر لە ٧٠٠ کەسیش بریندار دەکرێن.

- هەرلە بەیانیی ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕدا، ناڕازییان خۆیان بۆ مانگرتن لە گۆڕەپانی زانستگەی تاران ئامادە دەکەن و دروشمەکان زیاتر لووتکەی دەسەڵات و پێکهاتە شکێنی سیستمی وەلی فەقیهـ دەکەنە ئامانج.

- پێکهێنانی شووڕای نوێنەرانی مانگگرتووانی نێو زانستگەی تاران بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ داواکاریی خوێندکاران و قەرەبووی خەسارەتەکان.

- لە دووشەممەدا، عەلی خامنەیی لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیدا کە پاش نیوەڕۆ لە دەنگ و ڕەنگی حکوومەتی بڵاو کرایەوە بە ئاماژەدان بە ڕووداوەکانی ١٨ی پووشپەڕ، ڕێپێوان و داخوازی خوێندکارانی بە دەسیسەی دەستە شاراوەکانی بێگانە و دوژمنان لەقەڵەم دا.

- بەشدارانی ڕێپێوان تۆمارێک دەنووسن کە لەوێدا خوازیاری لێپرسینەوەی مەجلیسی خوبرەگان لە عەلی خامنەیی و هۆشداری دان بە خاتەمی بوون، کە خواستی ڕیفۆرم بەلاڕێدا نەبات.

- ئێوارەی ٢١ ی پووشپەڕ، شەقامە گرینگەکانی تاران بووە مەیدانی شەڕ و لە هەموو شوێنێک دەنگی تەقە و دووکەڵی لاستیکی سووتاوی ماشین بەرز دەبوویەوە.

- دۆخی پایتەخت بەرەوئاڵۆزیی زیاتر دەچوو کە درەنگانی ئێوارەی دووشەممە، نامەیەکی نهێنیی ٢٤ فەرماندەی سوپای پاسداران بۆ سەرکۆماری ڕێژیم دەنووسرێت و داوای «وەلانانی بێدەنگی» و جێبەجێ کردنی «ئەرکی شۆڕشگێڕی» لێ دەکەن.

- زیاتر لە ٢٥٠٠ بەسیجی و حیزبۆڵڵایی لە مزگەوتی جامیعەی «سێڕێیانی کۆماری» کۆبوونەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ هێرش بردن نیشان دا.

- دژایەتی سیستماتیک دەگەڵ ڕێپێوانەکان کاتێ بەربڵاوتر کرایەوە کە ڕۆژی ٢٢ ی پووشپەڕ پەیامێکی توند و هەڕەشەئامێز لە لایەن عەلی خامنەیی بڵاو بووەوە کە داوای ترساندن و سەرکوتی دوژمنان[خوێندکاران]ی لە بەسیج کرد.

- دوابەدوای هەڕەشەکانی خامنەیی، شووڕای هاوئاهەنگیی تەبلیغاتی ئیسلامی لە بانگەوازێکدا داوای کۆبوونەوەی پاڵپشتی لە قسەکانی خامنەیی و دژایەتی لەگەڵ خەڵکی ناڕازی لە زانستگەی تاران دەکات.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی پووشپەڕ، ڕێژیم لە هەموو شارەکانی ئێران هێزی سەرکوتکەر و حیزبۆڵڵایی دەهێنێتە تاران و بەشدارانی ڕێپێوانی حکوومەتی بە هەڵگرتنی وێنەی خومەینی و خامنەیی، ڕووخساری پایتەخت دەگۆڕن.

- لە ماوەی ڕۆژانی ١٨ تاکوو ٢٣ی پووشپەڕی ٧٨، بە لانی کەمەوە ٧ هاووڵاتی (عێزەتۆڵڵا ئیبراهیم نژاد، فریشتە عەلیزادە، سەعید زەینالی، ئەکبەر محەممەدی، تامی حامیفەڕ و ...) کە زۆربەیان خوێندکار بوون، گیانیان لێ ئەستێندرا و زیاتر لە ٤٠٠ کەسی دیکەش بریندار و خەسارەتی ماڵیان پێ گەیشت.

- لە خاڵە لاوازەکانی ئەو جووڵەیەی خوێندکاران، عەلی ئەفشاری کە ئەو کات ئەندامی دەفتەر سیاسیی تەحکیم وەحدەت بوو، باس لە؛ درزی نێو خوێندکاران دەکات کە ئایا ڕێپێوانەکانیان تەنیا لە زانستگە قەتیس بکرێ یان تێکەڵ بە شەقام و خەڵکی غەیرە خوێندکاریش ببێ وئاماژە بە بڕوای لەڕادەبەدەری خوێندکاران بە ڕێوشوێنی یاسایی و کەسایەتی خاتەمی، و باڵادەستیی بەیتی ڕێبەری لە گرتنەدەستی ڕووداوەکانی پاش ٢٣ی پووشپەڕ، دەکات.

- لە ڕووداوەکانی ناوچەی زانستگەی تاران، گرووبانێکی هێزی ئینتیزامی بە تاوانی دزینی ڕیشتراشی خوێندکارێک دەستبەسەر و بۆ ماوەی ٣ مانگ زیندانی کرا و هەروەها فەرمانبەرێکی ئەو هێزەش بە تاوانی سەرپێچی لە فەرمان، ٢ ساڵ زیندانی کرا.




> **یەکەم کەس کە لەو هێرشەی لیباس شەخسییەکان گیانی لێئەستێندرا، خوێندەڤانی بەڕەچەڵەک کورد عێزەتوڵڵا ئیبراهیم نژاد بوو**

## دەفتەری تەحکیمی وەحدەت

ئەم ڕێکخراوەیە لەڕاستیدا چەقی ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی خوێندکارانی ئێرانە کە لە دەیەی بیستی هەتاوی لە لایەن کۆمەڵێک خوێندکاری میللی- مەزهەبییەوە لە زانستگەکان چالاکییان دەکرد. ئەو ئەنجومەنانە کە لەدەسپێکدا خۆیان لە کەسانی وەک مێهدی بازەرگان و یەدوڵڵا سەحابی نزیک دەزانی، لە بەرەبەرەی شۆڕشی ساڵی ٥٧دا کەوتنە ژێر کاریگەریی ڕوانگەکانی عەلی شەریعەتی و خومەینی و دامەزرێنەرانی سازمانی موجاهدینی خەڵقی ئێران و بە کردەوە دوو لقی گەورەیان پێکدەهێنا. ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی خوێندکارانی ئێران لەساڵی ٥٨دا کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ خومەینی هەبوو کە ناوبراو لەنێو قسەکانیدا ئاماژەی بەم ڕستەیە کرد؛ «بڕۆن و تەحکیمی وەحدەت بکەن» ئەوە بووەهۆی پێکهاتنی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت لە ساڵی ٦١دا و خومەینی پاڵپشتیی تەواوی کردن. بارمتەگرتنی باڵوێزخانەی ئامریکا بووە هۆی ناسین و گەشەی ئەم ڕێکخراوە و دژایەتی کردنی چەپ و لیبراڵەکان و خۆیان وەک گۆپاڵبەدەستی حکوومەت لەنێو زانستگەکان نیشان دەدا. هاوڕا بوون لەگەڵ داخستنی زانستگەکان و دەرکردنی مامۆستایانی جیابیر، چەشنێک دەرفەت و دەرەتانی حکوومەتیی بۆ دەفتەری تەحکیم پێکهێنا کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهێزتر و بەربڵاوتر بێ و خۆی بە بەشێک لە میراتی سیاسیی حکوومەتداری بزانێت. تا مردنی خومەینی ئەم ڕێکخراوەیە ڕوانگەی چەپیی( ئەدەبیاتی زاڵی حکوومەت) هەبوو، بەو واتایە کە داوای دادپەروەری و چەشنێک باڵادەستیی حکوومەتی دەکرد، بەڵام بە هاتنە سەرکاری خامنەیی، ئیتر قۆناغی دابەزین دەستپێدەکات و تا ساڵی ٧٣، بەردەوام دەبێ و بەرەبەرە دژایەتی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی و بەهێزبوونی ڕوانگەی کرانەوەی سیاسی دەبێتە هۆی بوومەلەرزە لەنێو دەفتەری تەحکیم وەحدەت و لە دەسەڵاتی حکوومەتی جوێ دەبێتەوە و لە هەڵبژاردنی دووی جۆزەردانی ٧٦دا، زۆربەی هەرەزۆری بەدەنەی ئەو ڕێکخراوە پاڵپشتی تەواوی خاتەمی دەکەن و چالاکییەکانیان لە ڕووداوی ناوچەی زانستگەی تاران دەگاتە لووتکە.

لەدوای ڕووداوەکانی قەتڵە زنجیرەییەکانی ١ی سەرماوەزی ٧٧ و کارەساتی ١٨ی پووشپەڕی ٨٧، دەفتەری تەحکیمی وەحدەت لە ڕەوتی نزیک لە دەسەڵات و چاکسازیخوازی خاتەمی دوور دەکەوێتەوە و خۆی وەک ڕەخنەگرێکی بەهێزی دەسەڵات و سیستەم پیشان دەدات، هەرچەند هێشتا پێگەیەکی نەریتیی لەنێو خوێندکاراندا هەیە.

ساڵی ٨٠ بە هاتنی کەسانی سەر بە دەزگای ئەمنییەتی بۆ نێو ڕێکخراوەکە و دروست بوونی دوو ڕەوتی «عەلامە»(واتە کەسانی باوەڕمەند بە چاکسازی لە هەموو زانکۆکانی ئێران لە زانستگەی علامە طباطبایی کۆدەبنەوە) و «شیراز»(واتە کەسانی باوەڕمەند بە بناژۆخوازی لە هەموو زانکۆکانی ئێران، لە زانستگەی شیراز کۆدەبنەوە)، ئینشعاب ڕوودەدات و حکوومەتیش بە داخستنی دەفتەری تەیفی عەلامە، بەکردەوە ڕێگای بۆ بەفەرمی ناسینی تەیفی شیراز وەک نوێنەری بزاڤی خوێندکاری خۆش کرد.

دەفتەری تەحکیم(علامە) لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٨٨دا، بەمەرج پاڵپشتییان لە کەڕووبی کرد و لەدوای ئەو ماوەیە، ئەندامەکانی کەوتنە ژێر هەڕەشەی سیستماتیک و زۆربەی لیدێر و کەسانی ناسراویان زیندانی یان پەرتەوازەی هەندەران بوون.

ئەو ڕێکخراوەیە کە بۆ ماوەی سێ دەیە گرینگترین ڕێکخستنی خوێندکاریی سەراسەریی لە ئێراندا هەبوو و ساڵانە زیاتر لە ٣٠٠ کەسایەتی سیاسی( دەسەڵاتبەدەست، ئۆپۆزسیۆنی ناوەوە و دەرەوە)ی بەرهەم دەهێنا، ڕووی لە کزی و لاوازی کردووە و دەوڵەتی ڕووحانیش نەیتوانیوە پێش بە لەناوچوونی بگرێت.

# ئاکامه‌کانی هێرشی سپای پاسداران بۆ سه‌ر حیزبه کوردییه‌کان و هه‌رێمی کوردستان

سوهراب که‌ریمی
و: سه‌لام ئیسماعیلپوور



حوسه‌ین سه‌لامی، جێگری فه‌رمانده‌ی گشتیی سپای پاسداران له‌ گوتاری نوێژی هه‌ینیی تاراندا له‌ ڕێکه‌وتی ١١ی پووشپه‌ڕی ١٣٩٥ی هه‌تاوی دژ به‌ ئیسراییل، ئه‌مریکا و وڵاتانی دیکه‌ی ناوچه‌، هه‌ڕه‌شه‌ی هێرشی سه‌ربازیی له‌و وڵاتانه‌ کرد. ناوبراو ئیسراییلی به‌ ویلایه‌تێك له‌ ئه‌مریکا له‌ قه‌ڵه‌م دا و هه‌ڕه‌شه‌ی کرد که‌ به‌ هاوێشتنی سه‌دان مووشه‌ك ده‌توانین ئیسراییل بۆ هه‌میشه‌ له‌ نێو ببه‌ین، هه‌ڵبه‌ت ئه‌و هه‌ڕه‌شانه‌ جار بۆ جار له‌ لایه‌ن به‌رپرسانی سپای پاسدارانه‌وه‌ دووپات ده‌کرێنه‌وه‌. جیاوازیی هه‌ڕه‌شه‌کانی حوسه‌ین سه‌لامی له‌گه‌ڵ هه‌ڵوێسته‌کانی پێشوودا له‌ کۆتایی لێدوانه‌که‌یدایه‌ که‌ به‌ ده‌ربڕینێکی جیاوازه‌وه‌، هه‌ڕه‌شه‌ی له‌نێوبردنی حیزبه‌کانی کوردستانی ئێران و حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستان ده‌کات. ئه‌گه‌رچی پاش بڕیاری حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستان له‌مه‌ڕ به‌ڕێوه‌چوونی ڕیفراندۆمی سه‌ربه‌خۆیی کوردستان دوابه‌دوای هێرشی داعش بۆ سه‌ر کوردستان، هێندێك له‌ فه‌رمانده‌کانی سپا و به‌رپرسانی دیکه‌ی ڕێژیمی ئێران هه‌ڕه‌شه‌یان له‌ حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستان کردبوو، به‌ڵام وادیاره‌ لێدوانه‌کانی ڕێبه‌رانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له‌مه‌ڕ گه‌ڕانه‌وه‌ بۆ کوردستانی ئێران و پێوه‌ندیگرتن به‌ خه‌ڵکی کوردستانه‌وه‌، ئاڵوگۆڕی بنه‌ڕه‌تیی به‌ سه‌ردا هاتووه‌ و به‌ تایبه‌تی پاش پێکدادانی نێوان پێشمه‌رگه‌کانی حیزبی دێموکرات و سپلی پاسداران له‌ قووڵایی کوردستانی ئێراندا، فه‌رمانده‌کانی سپا هه‌ڕه‌شه‌کانی خۆیان زیاتر کردووه‌، وێده‌چێت حوسه‌ین سه‌لامی ته‌واوی لێدوانه‌که‌ی خۆی وه‌کوو پێشه‌کییه‌ك بۆ هه‌ڕه‌شه‌کردن له‌ کورد به‌ کار هێنابێت و هه‌ڕه‌شه‌ له‌ ئیسراییل و وڵاتانی دیکه‌ پێشه‌کییه‌ك بۆ شاردنه‌وه‌ی دۆخی لاوازی خۆی له‌ نێو سنووره‌کانی ئێراندا بێت.

به‌ سه‌رنجدان به‌ گرینگیی بابه‌تی چالاکیی پێشمه‌رگه‌کان له‌ کوردستانی ئێراندا و ڕه‌نگدانه‌وه‌ی جیهانیی ئه‌و ئاڵوگۆڕه‌ ده‌توانین بڵێین سپای پاسداران به‌ شێوه‌یکی جیددی، له‌ جیاوازیی بڕیاری ئه‌م جاره‌ی حیزبی دێموکرات و تێکهه‌ڵچوونه‌کانی ساڵانی ڕابردوویان له‌گه‌ڵ ئه‌و حیزبه‌ و حیزبه‌ کوردییه‌کانی دیکه‌ تێگه‌یشتووه‌. ته‌نانه‌ت وه‌ك له‌ هه‌واڵه‌کانی ئه‌و دواییانه‌شدا ده‌بیسترێت، ئێران به‌ فه‌رمی داوای له‌ حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستان کردووه‌ که‌ پێش به‌ چالاکیی کادر و پێشمه‌رگه‌کانی حیزبی دێموکرات له‌ نێو سنووره‌کانی ئێراندا بگرن. ئێستا ئه‌گه‌ر هه‌ڕه‌شه‌کانی سپا به‌ کرده‌وه‌ جێبه‌جێ بکرێن، چی ڕوو ده‌دات؟ بۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی ئه‌و پرسیاره‌ پێویسته‌ له‌ چه‌ند قۆناغدا لایه‌نه‌ جیاجیاکانی ئه‌و ئاڵوگۆڕه‌ تاوتوێ بکرێن.

- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وه‌کوو گه‌وره‌ترین و به‌ڕابردووترین حیزبی سیاسیی کورد ڕۆڵێکی دیاریکه‌ر له‌ ئاڵوگۆڕه‌کانی کوردستانی ئێراندا ده‌گێڕێت و له‌ نێو خه‌ڵك و له‌ ئاستی نێوخۆیی و نێونه‌ته‌وه‌ییدا پشتیوانیی لێ ده‌کرێت و هه‌ر چه‌شنه‌ کرده‌وه‌یه‌ك دژ به‌ ئه‌م حیزبه‌، ده‌بێته‌ مه‌ترسییه‌ك بۆ سه‌ر سیاسه‌ته‌کانی کۆماری ئیسلامی و هه‌روه‌ها کاردانه‌وه‌ی به‌ربڵاوی ناوچه‌یی و جیهانیی لێ ده‌که‌وێته‌وه‌.

وه‌ك چۆن بینیمان به‌شداریی هێزه‌کانی حیزبی دێموکرات له‌ شه‌ڕی داعش له‌ دوو ساڵی ڕابردوودا له‌گه‌ڵ دژکرده‌وه‌ی توندی کۆماری ئیسلامی به‌ره‌وڕوو بوو، ده‌ستپێکردنی قۆناغی نوێی خه‌باتی ئه‌و حیزبه‌ش له‌ ژێر ناوی «ڕاسان»دا ده‌بێته‌ هۆی چالاکبوونه‌وه‌ی حیزبه‌ کوردستانییه‌کانی دیکه‌ش.

حیزبی دێموکرات پێوه‌ندییه‌کی زۆر نزیکی له‌گه‌ڵ دوو حیزبی سه‌ره‌کیی کوردستانی باشووردا هه‌یه‌ و هاوکاتیش پێداگری له‌ سه‌ر سه‌ربه‌خۆیی بڕیاردانی خۆی ده‌کاته‌وه‌. ڕاگه‌یاندنی قۆناغی نوێی خه‌باتی حیزب (ڕاسان) له‌ لایه‌ن مسته‌فا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبه‌وه‌ له‌ نه‌ورۆزی ئه‌مساڵدا له‌ چیاکانی قه‌ندیل، هۆکاری سه‌ره‌کیی جیاوازیی ئه‌و هه‌نگاوه‌ی حیزب له‌گه‌ڵ چالاکییه‌ به‌رته‌سکه‌کانی دوو ده‌یه‌ی ڕابردوودایه‌. ئه‌و هه‌نگاوه‌ی حیزب پاش وه‌ڵامنه‌دانه‌وه‌ به‌ داخوازییه‌کانی کورد له‌ کوردستانی خۆرهه‌ڵات له‌ لایه‌ن کاربه‌ده‌ستانی تاران و هه‌روه‌ها جموجۆڵ و هه‌ڕه‌شه‌کانی سپای پاسداران دژ به‌ خه‌ڵکی کوردستان له‌ سنووره‌کاندا و هه‌ڕه‌شه‌ بۆ سه‌ر کوردستانی باشوور له‌ شاره‌کانی باشووری هه‌رێم وه‌ك که‌رکووکدا دێت که‌ درێژه‌کێشانی ده‌بێته‌ هۆی هیوابڕاویی خه‌ڵکی کوردستانی خۆرهه‌ڵات له‌ ڕێژیمی ئێران و ڕه‌خنه‌ی توندی خه‌ڵك له‌ پاسیڤبوونی حیزبه‌ کوردستانییه‌کان به‌ تایبه‌تی حیزبی دێموکرات.

له‌ بیست ساڵی ڕابردوودا خه‌ڵکی کوردستانی ئێران و حیزبه‌کانیان به‌ هیوای باشتربوونی بارودۆخی ئه‌و به‌شه‌ی کوردستان و دابینبوونی داخوازییه‌کانیان، له‌ چاوه‌ڕوانییه‌کی درێژخایه‌ندا بوون، به‌ڵام به‌م دواییانه‌ خه‌ڵکی کورد ده‌بینن که‌ به‌ شێوه‌یه‌ك له‌ لایه‌ن ئێرانه‌وه‌ نکۆڵییان لێ ده‌کرێ و ته‌نانه‌ت ده‌که‌ونه‌ به‌ر سووکایه‌تی. سه‌ردانی سه‌حراڕوودی، بکوژی ڕێبه‌ری کاریزماتیکی کوردان، دوکتور قاسملوو له‌ کوردستانی عێراق و گوێنه‌دانی حکوومه‌ته‌که‌ی ڕۆحانی به‌ داخوازییه‌کانی کورد و ڕێگه‌نه‌دان به‌ سیما ناسراوه‌کانی کوردستان بۆ خۆپاڵاوتنیان له‌ هه‌ڵبژاردنی مه‌جلیسدا، دژایه‌تیی ئێران له‌گه‌ڵ دامنه‌ی ئینترنێتیی کوردی له‌ حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستاندا وه‌کوو تاقه‌ وڵاتێك که‌ دژی ئه‌و هه‌نگاوه‌ بوو، که‌لێنی نێوان کۆمه‌ڵگای کوردستان و ڕێژیمی ئێرانی گه‌یانده‌ ڕاده‌یه‌کی زۆر قووڵ، ئه‌وه‌ له‌ کاتێکدایه‌ که‌ له‌ سه‌رانسه‌ری ناوچه‌دا ئاڵوگۆڕه‌کان به‌ قازانجی کورد ده‌چنه‌ پێش و له‌ سێ به‌شی دیکه‌ی کوردستاندا هه‌نگاوی زۆر باش به‌ ئاراسته‌ی دابینبوونی ما فه‌کانی کورددا هه‌ڵگیراون. کورده‌کان باش ده‌زانن که‌ زۆربه‌ی کێشه‌کانی به‌رده‌م خه‌ڵکی کوردستان له‌ به‌شه‌ جۆراوجۆره‌کانی کوردستاندا به‌ هۆی ده‌ستێوه‌ردانه‌کان و پیلانگێڕییه‌کانی کۆماری ئیسلامییه‌وه‌یه‌، ده‌نا ئه‌و ئاڵوگۆڕانه‌ به‌ شێوه‌یه‌کی ڕوو له‌ پێش، زۆر به‌ هێمنی و به‌ که‌مترین تێچوو، به‌ قازانجی کورد ده‌چنه‌ پێشه‌وه‌.

ئه‌گه‌رچی له‌ دوو ده‌یه‌ی ڕابردوودا پێوه‌ندییه‌کانی حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی باشوور و حیزبه‌ سه‌ره‌کییه‌کانی واته‌ یه‌کێتی و پارتی له‌گه‌ڵ ڕێژیمی ئێران، پێوه‌ندییه‌کی بێ گرژی و ئاڵۆزی بووه‌، به‌ڵام هۆکاری سه‌ره‌کیی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ دابه‌زینی ئاستی چالاکیی پارته‌کانی کوردستانی خۆرهه‌ڵات به‌رانبه‌ر به‌ کۆماری ئیسلامی و ته‌نانه‌ت به‌ بێ حیزبه‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتیش، کۆماری ئیسلامی له‌ هه‌ر جۆره‌ ئامرازێك بۆ لاوازکردنی هه‌رێمی کوردستان له‌ به‌رانبه‌ر عه‌ره‌به‌ شیعه‌کانی باشووری عێراقدا که‌ڵکی وه‌رگرتووه‌، بۆ نموونه‌ ڕێژیمی ئێران ڕێگر بووه‌ له‌ به‌رده‌م جێبه‌جێبوونی مادده‌ی ١٤٠ی یاسای بنه‌ڕه‌تیی عێراقدا به‌ مه‌به‌ستی گه‌ڕاندنه‌وه‌ی ناوچه‌ کوردستانییه‌کانی ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێمی کوردستان بۆ سه‌ر هه‌رێم و به‌ پێچه‌وانه‌ی ڕابردوو که‌ حیزب و لایه‌نه‌کانی عه‌ره‌بی شیعه‌ له‌گه‌ڵ کوردی ئه‌و به‌شه‌ له‌ به‌ره‌یه‌کدا دژ به‌ حکوومه‌تی سه‌دام حوسه‌ین بوون، پاش به‌ ده‌سه‌ڵات گه‌یشتنیان، ئه‌وانیش سیاسه‌تی داگیرکه‌رانه‌ی ڕابردووی حکوومه‌ته‌ پێشووه‌کانی عێراقیان دژ به‌ کورد درێژه‌ پێ دا و جێگیرکردنی هێزی سه‌ربازی له‌ ناوچه‌ کێشه‌ له‌ سه‌ره‌کان یه‌کێك له‌و هه‌نگاوانه‌ پێش هێرشی داعش بۆ عێراق بوو.

ئه‌وه‌ هۆکارێکی سه‌ره‌کی بۆ ناکۆکیی قووڵی حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستان له‌گه‌ڵ حکوومه‌ته‌کانی جه‌عفه‌ری، مالیکی و له‌ ئێستاشدا عیبادی بووه‌ که‌ سیاسه‌ته‌کانیان به‌رانبه‌ر به‌ کوردستان، له‌ لایه‌ن ئێرانه‌وه‌ پاڵپشتیی لێ ده‌کرێت. ڕه‌نگه‌ ئه‌گه‌ر داعش هێرشی نه‌کردبایه‌ته‌ سه‌ر عێراق، ئه‌و ناکۆکییانه‌ پێکدادانی سه‌ربازیی لێ که‌وتبایه‌ته‌وه‌. پاش هێرشه‌کانی داعش بۆ ناوچه‌که‌، حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستان به‌ خێرایی کۆنترۆڵی ناوچه‌ کوردستانییه‌کانی ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێمی به‌ ده‌سته‌وه‌ گرت و مه‌سعوود بارزانی هه‌وڵه‌کانی خۆی بۆ ڕاگه‌یاندنی سه‌ربه‌خۆیی کوردستان ده‌ست پێکرد که‌ کاردانه‌وه‌ی ڕێژیمی ئێرانی به‌ دواوه‌ بوو و وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ڕێژیم هه‌رجۆره‌ گۆڕانکارییه‌کی له‌ سنووره‌کانی ناوچه‌دا به‌ «هێڵی سووری ئێران» له‌ قه‌ڵه‌م دا. ئێران هه‌وڵی دا به‌ یه‌کگرتن له‌گه‌ڵ نه‌یارانی پارتی، گوشار بخاته‌ سه‌ر بارزانی و پارتی تاکوو له‌ ڕیفراندۆمی سه‌ربه‌خۆیی کوردستان پاشگه‌ز ببنه‌وه‌ و ته‌نانه‌ت هێندێك له‌ شرۆڤه‌کاران هۆکاری هێرشی چاوه‌ڕواننه‌کراوی داعش بۆ سه‌ر مه‌خموور و شنگال ده‌گه‌ڕێننه‌وه‌ بۆ کاریگه‌ریی ئێران له‌ سه‌ر هێندێك له‌و هێزه‌ سه‌ربازییه‌ عێراقییانه‌ی که‌ به‌ ڕیزه‌کانی داعشه‌وه‌ په‌یوه‌ست بووبوون، چوونکه‌ ئه‌و هێرشه‌ پاش هه‌ڕه‌شه‌کانی ئێران دژ به‌ بارزانی ئه‌نجام درا. سپای پاسداران به‌ پێکهێنانی حه‌شدی شه‌عبی له‌ عێراق و دزه‌کردنیان بۆ شاره‌کانی باشووری که‌رکووك له‌ چه‌ند مانگی ڕابردوودا، به‌ کرده‌وه‌ دژ به‌ هێزی پێشمه‌رگه‌ شه‌ڕی کرد که‌ ئه‌وه‌ش بۆ خۆی یه‌که‌مین گرژی له‌ پێوه‌ندییه‌کانی نێوان سپای پاسداران و یه‌کێتیی نیشتمانیدا بوو. هه‌ڕه‌شه‌کانی حه‌شدی شه‌عبی بۆ سه‌ر هێزه‌کانی پێشمه‌رگه‌، لێدانی زه‌نگێکی مه‌ترسی بۆ یه‌کێتیی نیشتمانیی کوردستان وه‌کوو یه‌کێك له‌و حیزبه‌ کوردییانه‌ بوو که‌ له‌ ساڵانی ڕابردوودا پێوه‌ندییه‌کی نزیکی له‌گه‌ڵ کۆماری ئیسلامی هه‌بووه‌.

هه‌وڵی ئێران بۆ نانه‌وه‌ی دووبه‌ره‌کی له‌ نێوان دوو حیزبی سه‌ره‌کیی کوردستانی عێراق و گوشارهێنانی بۆ سه‌ر یه‌کێتیی نیشتمانی به‌ مه‌به‌ستی جیاکردنه‌وه‌ی ته‌واوی پارێزگاکانی سلێمانی و که‌رکووك له‌ هه‌ولێر، ته‌نیا نموونه‌یه‌ك له‌ ده‌ستێوه‌ردانی بێ باکانه‌ی کۆماری ئیسلامی له‌ کوردستانی باشووردایه‌، به‌ڵام به‌ دوور ده‌بینرێت که‌ پێوه‌ندیی هێمنانه‌ی دوو ده‌یه‌ی ڕابردوو و هاوکاریی به‌ربڵاوی نێوان یه‌کێتی و پارتی، ڕه‌وتی ڕووداوه‌کان به‌ ئاراسته‌یه‌کدا ببات که‌ مه‌ترسیی بۆ سه‌ر مانه‌وه‌ی هه‌رێمی کوردستان هه‌بێت. ئه‌و هه‌نگاوانه‌ی ئێران و سپای پاسداران ده‌توانێ هاوپێوه‌ندیی زیاتری نێوان کورده‌کان به‌ دوای خۆیدا بهێنێت.

په‌که‌که‌ش ئه‌گه‌رچی وه‌کوو یه‌کێك له‌ ئه‌کته‌ره‌کانی نێو کایه‌ی سیاسیی کوردستان چ له‌ ڕابردوودا و چ ئێستا، پێوه‌ندیی له‌گه‌ڵ ئێران هه‌بووه‌ و هه‌یه‌، به‌ڵام ئێران هه‌رکاتێك که‌ له‌گه‌ڵ تورکیه‌ به‌ ڕێککه‌وتنێك گه‌یشتووه‌، گوشار و ته‌نانه‌ت هێرش بۆ سه‌ر ئه‌و حیزبه‌ی زیاتر کردووه‌. له‌ لایه‌کی دیکه‌وه‌، به‌ سه‌رنجدان به‌ دژایه‌تیی توندی ئێران له‌گه‌ڵ پرۆژه‌ی فیدراڵیزمی کوردستانی ڕۆژئاوا و ئاگاداربوونی ڕێبه‌رانی په‌که‌که‌ له‌و هه‌ڵوێسته‌ی ئێران، هه‌ڕه‌شه‌کانی ئێران بۆ سه‌ر ئه‌و ده‌ستکه‌وته‌ گرینگه‌ی کوردستانی سووریه‌ش جیددیتر ده‌بێته‌وه‌. ئه‌وه‌ له‌ کاتێکدایه‌ که‌ حکوومه‌تی ئه‌سه‌د، هاوپه‌یمانی سه‌ره‌کیی ئێران، ڕۆژ له‌ دوای ڕۆژ له‌ سووریه‌دا به‌هێزتر ده‌بێت و له‌ ئه‌نجامدا هه‌م په‌که‌که‌ و هه‌م حیزبه‌ کوردستانییه‌کانی دیکه‌ش، به‌ شێوه‌یه‌کی ڕانه‌گه‌یه‌ندراو، له‌ به‌رانبه‌ر هه‌ر هه‌ڕه‌شه‌یه‌کدا بۆ سه‌ر مانه‌وه‌ی کورد هاوهه‌ڵوێستن. تورکیه‌ به‌ باشی له‌و مه‌سه‌له‌یه‌ تێگه‌یشتووه‌ و ناچار بووه‌ به‌ پێچه‌وانه‌ی ویستی خۆی، دان به‌ بوونی پرسی کورددا بنێت و بۆ خۆدزینه‌وه‌ له‌ ته‌ختکردنی جاده‌ی سیاسه‌ت بۆ چاره‌سه‌ری پرسی کورد، به‌ دوای بیانوودا بۆ شه‌ڕ له‌گه‌ڵ په‌که‌که‌ ده‌گه‌ڕێت.

دواجار ده‌کرێ بڵێین به‌ هۆی گوشاری کۆماری ئیسلامی بۆ سه‌ر خه‌ڵکی کوردستانی ئێران و حیزبه‌کانیان له‌ لایه‌که‌وه‌ و ئاڵوگۆڕه‌ قووڵه‌کان له‌ به‌شه‌کانی دیکه‌ی کوردستان و کاریگه‌رییان له‌ سه‌ر کوردستانی ئێران له‌ لایه‌کی دیکه‌وه‌، هه‌لومه‌رج بۆ ئاڵۆزبوونی بارودۆخ له‌ کوردستانی ئێران گونجاوه‌ و بڕیاری حیزبی دێموکرات ده‌توانێ ڕۆڵێکی گرینگ له‌ ڕێبه‌ریکردنی ئه‌و ئاڵۆزییانه‌دا بگێڕێت. له‌ ئه‌نجامدا هه‌ڕه‌شه‌ جیددییه‌کانی سپای پاسداران و کۆماری ئیسلامی دژ به‌ کورد ده‌توانێ هاوپێوه‌ندییه‌کی به‌هێز له‌ نێو حیزبه‌کانی هه‌موو پارچه‌کانی کوردستاندا پێك بهێنێت. کورد له‌ هه‌موو به‌شه‌کانی کوردستاندا حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستان به‌ ده‌ستکه‌وتێکی مێژوویی بۆ خۆی ده‌زانێت و هه‌ر وه‌ك له‌ کاتی هێرشی داعش بۆ کورستانیشدا بینیمان، له‌ به‌ره‌کانی شه‌ڕی کورد دژ به‌ داعشدا، کورده‌کانی هه‌ر چوار پارچه‌ی کوردستان ڕاسته‌وخۆ به‌شدارییان کرد و هه‌ر جۆره‌ هه‌ڕه‌شه‌یه‌ك بۆ سه‌ر کوردستانی عێراق له‌گه‌ڵ دژکرده‌وه‌ی توندی هه‌موو کوردێك و کۆمه‌ڵگای جیهانی به‌ره‌وڕوو ده‌بێت. بوونی سنوورێکی دوور و درێژ له‌ ماکوو هه‌تا ئیلام و شاخاویبوونی کوردستانی خۆرهه‌ڵات، هه‌لومه‌رج بۆ هاتوچۆ له‌و سنوورانه‌دا له‌بار ده‌کات. هه‌ربۆیه‌ ئه‌گه‌رچی به‌ وته‌ی زۆرێك له‌ شرۆڤه‌کاران، هه‌ڕه‌شه‌ی سپای پاسداران دژ به‌ حیزبه‌کانی کوردستان و حکوومه‌تی هه‌رێم ده‌توانێ جیددی بێت، به‌ڵام ده‌رئه‌نجامه‌کانی ئه‌و هێرشه‌ ده‌توانێ ئاڵۆزییه‌کان بگوازێته‌وه‌ بۆ قووڵایی خاکی کوردستانی خۆرهه‌ڵات و شه‌ڕێکی پڕووکێنه‌ری له‌و به‌شه‌ی کوردستاندا لێ بکه‌وێته‌وه‌.

کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران به‌ ئاگاداربوون له‌ ناڕازیبوونی به‌ربڵاوی خه‌ڵك له‌ ئێران و کوردستاندا هه‌وڵیان داوه‌ به‌ په‌ره‌پێدانی قه‌یرانه‌ ناوچه‌ییه‌کان، بارودۆخی نێوخۆیی ئێران به‌ ئارام نیشان بدات و ئه‌منیه‌تی ئێران بکاته‌ بیانوویه‌ك بۆ ڕه‌واییدان به‌ خۆی و سپای پاسداران و له‌و پێناوه‌شدا تێچوویه‌کی زۆری له‌ ناوچه‌که‌دا داوه‌ و هه‌ڵبه‌ت ناوچه‌شیان به‌ره‌وڕووی زیانێکی زۆر کردۆته‌وه‌ و هه‌ر وه‌ك چاوه‌ڕوان ده‌کرا، چالاکییه‌کانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له‌گه‌ڵ دژکرده‌وه‌ی توندی ڕێژیمی ئێران و سپای پاسداران به‌ره‌وڕوو بووه‌، به‌ڵام له‌ لایه‌کی دیکه‌وه‌ گه‌لی کوردیش به‌شێك له‌ هاوپه‌یمانییه‌کی به‌هێز له‌ ئاستی جیهانی و ناوچه‌ییدایه‌ که‌ هه‌رکام له‌و هاوپه‌یمانانه‌ به‌ جۆرێك دژی سیاسه‌ته‌ ناوچه‌ییه‌کانی ئێران و سپای پاسدارانن. زۆر که‌س له‌و باوه‌ڕه‌دایه‌ که‌ سپای پاسداران و ئێران هۆکاری سه‌ره‌کیی بارگرژییه‌ سیاسییه‌کانی ناوچه‌ن و شه‌ڕ له‌ کوردستانی ئێراندا ده‌توانێ گۆڕه‌پانی ململانێی دژبه‌رانی ئێران له‌ ناوچه‌دا بگوازێته‌وه‌ بۆ نێو سنووره‌کانی ئێران و قووڵایی ئیستراتژیکی ئێران له‌ ناوچه‌دا له‌ نێو ببات. ئه‌وه‌ش ده‌توانێ ده‌ستپێکی خه‌باتی چالاکانه‌ی نه‌ته‌وه‌کانی دیکه‌ی ئێران وه‌ك به‌لووچه‌کان، عه‌ره‌به‌کان و تورکه‌کانیش به‌ دوای خۆیدا بهێنێت. ئێران بۆ خۆی هه‌ست به‌و مه‌ترسییه‌ ده‌کات و زۆربه‌ی سیاسه‌ته‌ ئه‌منیه‌تییه‌کانی خۆی له‌ سه‌ر بنه‌مای دژایه‌تیکردنی داخوازیی نه‌ته‌وه‌کان داناوه‌، ئه‌و سیاسه‌ته‌ له‌ ماوه‌ی ساڵانی ڕابردوودا بۆته‌ هۆی پێکهاتنی ڕوانگه‌یه‌کی ئه‌منیه‌تی به‌رانبه‌ر به‌ نه‌ته‌وه‌کانی ئێران که‌ ئاکامه‌که‌ی لێکترازان و قووڵتربوونی که‌لێنی نێوان گوتاری نه‌ته‌وه‌کان و گوتاری ئێرانچیه‌تی بووه‌.

له‌ کۆتاییدا ده‌کرێ بڵێین ئه‌گه‌رچی سپای پاسداران پاراستنی ئه‌منیه‌تی کۆماری ئیسلامی و ته‌ناهیی نه‌ته‌وه‌یی ئێران به‌ گه‌وره‌ترین پاساوی خۆی بۆ ڕه‌واییدان به‌ سه‌ره‌ڕۆییه‌کانی له‌ نێوخۆی ئێران و له‌ ناوچه‌دا ده‌زانێت، به‌ڵام ئه‌و کرده‌وانه‌ به‌ له‌ به‌رچاو گرتنی نۆرمه‌ دێموکراتیکه‌کان له‌ نێوخۆ و نۆرمه‌ نێونه‌ته‌وه‌ییه‌کان له‌ ناوچه‌دا، ده‌توانن زۆر لاواز بن و وه‌ك دیتمان، جووڵه‌یه‌کی سه‌ره‌تایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، به‌رده‌وامبوونی هێژمۆنی ئێرانی له‌ ناوچه‌دا له‌گه‌ڵ مه‌ترسی به‌ره‌وڕوو کردۆته‌وه‌.

# دەستپێکردنەوەی دووبارەی پرۆسەی ئاشتی؟

عەلی مۆنەزەمی

بۆ ئەوەی کە گەلی کورد بتوانێ لە باکووری کوردستان لە ڕێگای ئاشتیەوە بە مافەکانی خۆی بگات، پەکەکە ماوەیەک بە تاک لایەنە و ماوەیەکیش هاوتەریب لە گەڵ دەوڵەتی تورکیە شەڕی چەکدارییان ڕاگرت و بە دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی، هەوڵەکانی خۆی بۆ وەدەستهێنانی مافی گەلی کورد لە باکووری وڵاتەکەمان بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە خستە گەڕ. بەڵام لە هاوینی ٢٠١٥وە دوای ئەوەی کە هەوڵەکانی بە بنبەست گەییشتن، دیسان شەڕی چەکداری دەست پێکردەوە.

دەوڵەتی تورکیە هاوتەریب لەگەڵ شەڕی چەکداری بە دژی پەکەکە و کاول کردنی چەندین شار و گوندی کوردستان، ماوەیەکە باس لەوە دەکرێ کە دەوڵەتی تورکیە وا نیشان دەدات کە دەیەوێ ئوجالان لە زیندانی داخراوەوە بگوازێتەوە بۆ ماڵێک و لە ماڵدا دەستبەسەری بکاتەوە. هەر هەنگاوێکی دەوڵەتی تورک بۆ چارەسەری یان بۆ دژایەتیی گەلی کورد، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی ورد هەیە و پرسیارگەلێکی دژوار بەرەوڕووی ئێمە دەکاتەوە. گەلۆ مەبەستی تورکیە لە گواستنەوەی ئۆجەلان لە زیندانی داخراوەوە بۆ حەبسی ماڵەوە چیە؟ بۆ ئەو کاتەی کە پرۆسەی ئاشتی بە بنبەست نەگەییشتبوو، تورکیە ئەو کارەی نەدەکرد کە ببێتە جێگای هیوا و کارتێکەریی ئەرێنیی لە سەر ڕەوتی پرۆسەی ئاشتی؟ ئێستا چی گۆڕدراوە کە مەبەستیانە ئەم کارە بکەن؟

مرۆڤ دەتوانێ سەدان پرسیاری دیکەی هاوشێوە لە خۆی بپرسێ و بە دوای وڵامیاندا بگەڕێ. لە بەر ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیە لە بیدایەتەوە تا ئێستا وەک دەوڵەتێکی داگیرکەر لە هیچ جینایەتێک بەرانبەر بە گەلی کورد دەستی نەپاراستووە و ئەگەر ویستبێتی کارێکی برێک ئەرێنییش بۆ کورد بکا، هەزاران پیلانی شوومی لە پشتی شاردووەتەوە. بۆیە مرۆڤ ناتوانێ نیسبەت بەو گۆڕانکارییە ئیجابییە کە قەرارە بۆ دۆخی نالەباری ئۆجەلان بکرێ، گومان نەکا.

ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێ کە کێشەیەک لە نێوان کورد و دەوڵەتی تورکیەدا هەیە و هەر کێشەیەک دەتوانێ چارەسەرییەکی هەبێ، بەرەوڕووی پرسیارێکی سەرەکی دەبینەوە کە ئەویش ئەوەیە: کام کێشە یان ناکۆکی؟ ڕێگای چارەسەریی وەها کێشەیەک چیە و دەوڵەتی تورکیە تا چ ڕادەیەک موکر و پێداگرە لە سەر چارەسەیی ناکۆکیەکانی لە گەڵ کورد و بزاڤەکەی؟ لە بەر نەبوونی ئیمکان بۆ بەرسیڤدانی هەمە لایەنەی وەها پرسێکی سەرەکی لە وتارێک دا، هەوڵ دەدرێ لەو کورتە وتارە دا، بە کورتی وەڵامی ئەو پرسە بدرێتەوە.

کاتێک کە باس لە ئاشتی دەکرێ، دەبێ مرۆڤ ئاوڕێکیش لە پێویستییەکان بداتەوە. هەر مرۆڤێک دەتوانێ ئاشتی بە گوێرەی پێداویستییەکان و پاراستنی هێمنایەتیی خۆی پێناسە بکات. یوهان گالتۆن، گەورە شارەزای زانستەکانی ئاشتی، ئاشتی بە نەبوونی توند و تیژیی پێکهاتەیی، کولتووری و توند و تیژیی ڕاستەوخۆ دەزانێ. یانی کاتێک کە باس لە ئاشتی دەکرێ، تەنیا باس کردن لە ئاگربەس و شەڕی ڕاستەوخۆ نیە. بەڵکوو باس لە شێوازێکی نهێنیی توند و تیژیش دەکرێ کە لە لایەن پێکهاتەی کۆمەڵگایەوە بەکار دەبردرێ؛ وەک هەژاری، داپلۆساندن، نەبوونی ئازادی و بە بیانی کردن لە ناسنامەی ڕاستەقینە. هەر کاتێک کە هەوڵ بۆ چارەسەریی ئەم جۆرە توند و تیژیانە درا، ئاشتیی ئەرێنی پەرە دەستێنێ. ئاشتیی ئەرێنی یانی هەبوونی کامەرانی، بەختیاری، ئازادی و ناسنامە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پێناسەیەی سەرەوە لە ئاشتی، مرۆڤ دەتوانێ لە خۆی بپرسێ گەلۆ تورکیە بۆ کام یەک لەو ئێلێمێنتانەی کە لەنێو بازنەی ئاشتیدا جێ دەگرن، هەولی داوە؟ پێداویستیەکانی گەلی کورد لە باکوور کە گەلی کورد بتوانێ بە دابینبوونیان هەست بە هێمنی و ژیانێکی ئاسوودە بکا، کامانەن؟

دەوڵەتی تورکیە بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە و توندوتیژیی پێکهاتەیی و کولتووری لە کوردستانی باکوور پێویستی بە گواستنەوەی ئوجالان و ڕاگرتنی شەڕی چەکداری نیە. گواستنەوەی ئوجالان پێش ئەوەی کە هەوڵی تورکیە بێ بۆ چارەسەیی پرسی کورد، ئاکامی سەردانی شاندێکی کونسوولی ئوورووپا لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٦ دا لە زیندانی ئیمرالی و کۆنترۆڵ کردنی ڕەوشی ئەو و سێ زیندانیی دیکە لەو زیندانەدا و ئامۆژگاریی تورکیە بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە ڕەوشی ئۆجەلاندا ئیحتمالی زۆرترە.

ئەگەر ڕاست دەکەن، دەوڵەت دەتوانێ هەموو ئەو یاسایانەی کە دەبنە هۆی چەوساندنی گەلی کورد تاک لایەنە بگۆڕێ. کاتێک کە هەموو ئامرازی ئابووری لە دەستی دەوڵەت دان، دەوڵەت دەتوانێ پێداویستییەکانی پێشخستنی کولتووری بۆ گەلی کورد دابین بکا و کۆسپ و تەگەرە نەخاتە سەر ڕێگای ئەو پێشکەوتنانە. دەوڵەت دەتوانێ بە بێ پەکەکە و ئۆجەلان و پارت و لایەنەکانی کوردی، بۆ نەهێشتنی هەژاری و پێکهێنانی دەرفەتی کار هەوڵ بدات. بەڵام لە بەر ئەوەی کە بۆ خۆیان پێیان خۆش نیە، بیانوو بە هەبوونی شەری ڕاستەوخۆ و پەکەکە دەگرن. بۆ چارەسەریی یەکجارەکیی ناکۆکییەکان پێویستە کە دانووستان هەبێ لە نێوان لایەنی کورد لە باکوور و دەوڵەتی تورکیە؛ بەڵام دەوڵەت دەتوانێ بۆ پێکهێنانی دەرفەت و باوەڕ، زۆر کار بکا کە نەیکردووە و نایەوێ بیکا.

کورد بۆ ئاشتی و ژیانێکی بەختیار لە کوردستانی باکووردا پێویستی بە ژیان هەیە. یانی هەبوونی خواردن، جلوبەرگ، خانوو، لەشساخی، پێداویستیی کۆمەڵایەتی، کار و خوێندن. بەڵام هەژاری بووەتە گەورەترین هەڕەشە لە سەریان. تاکی کورد کاتێک دەتوانێ هەست بە ئاسوودەیی بکات کە بە کامەرانی بژی. بتوانێ بە ئازادی ناسنامەی خۆی هەڵبژێرێ و خۆی پێناسە بکات. لە لایەکی دیکەوە کورد پیویستی بە ئازادی هەیە بە تایبەتی ئازادیی سیاسی. دەوڵەت بە داپلۆساندن و سەرکوت کردن هەڕەشە لەو ئازادییە دەکات. کاتێک هێمنایەتی بۆ تاکی کورد بوونی دەبێ کە مافی کار کردن، ئازادیی هەڵبژاردنی کار، مافی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان، مافی سەفەر کردن و خۆ پێگەیاندن و چالاکیی سیاسی و دەربڕینی ڕای جیاوازی خۆی هەبێ.

ئازاد کردنی خەباتی پارتێکی سیاسی وەک پارتی سۆسیالیستی کوردستان، تاکی کورد و گەلی کورد تا ڕادەیەک هەست بەو ئازادییە دەکەن کە وەها هەنگاوێک، تەنانەت ئەگەر هەنگاوێکی چکۆلەش بێ، دەوری خۆی دەبێ، بەڵام هێشتا هەنگاوی زۆر کەمن. بۆیە دەبێ گەلی کوردیش خوێندنەوەی خۆی هەبێ لە هەر هەنگاوێک و بە پێشوازی کردن لە هەر هەنگاوێکی ئەرێنی، هەوڵ بدات ئەو گۆڕانکارییانە بە قازانجی گشتیی پرسی کورد کەڵک وەربگرێ و نە ئەوی کە لە بەر ڕقابەتی نێوخۆیی ئەوانە بکاتە پرسگەلێکی گەورەتر لە سەر ڕێگای هاوخەباتیی پارتەکانی کوردی.

گەلی کورد پێویستی بە ئەزموون و تاقیکاریی نوێ هەیە. پێویستی بە ڕاست باوەڕیی و ئازادیی بیر و ڕا دەربرین هەیە. دەوڵەت هەوڵ دەدات لە ڕێگای زەخت و ئاسمیلاسیۆن و ... تاکی کورد لە خۆی بێگانە بکات. بۆ ئەوەی کە تاکی کورد لەو بارەوە بە ئاسوودەیی بژی، دەبێ بە شکڵێکی داهێنەرانە و دەستکرد و بە بەشدارییەکی چالاکانەی جڤاکی، خاوەنی ناسنامەی خۆی بێ.

کورد بۆ ژیان لە کوردستانی باکوور، پێویستی بە ژینگەیەکی ساخلەم و پاک هەیە. دەوڵەتی تورکیە ساڵانێکە ئەو ژینگەیە تێک دەدات. دەبێ ئەو دەوڵەتە کە بە ڕای خۆی هەوڵی ئاشتی دەدا، بۆ لەبەرچاو گرتنی کامەرانیی گەلی کورد بە شێوازێک لە تێگەییشتن و وێگەییشتن لەگەڵ سروشتی کوردستان بگا و هەوڵی لەبەین بردنی نەدا.

ئاشتی و چارەسەریی ئاشتیانە ڕەوتێکی چالاکە بۆ بەدەست هێنانی ئاشتییەکی سەقامگیر و دادپەروەرانە. ئەگەر نیەت پاک بێ، دەبێ هەوڵی نەهێشتنی هۆیەکانی شەڕ بدرێ. بۆ نموونە دەبێ شتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بە شکڵێکی دادپەروەرانە دابەش بکرێن، دێموکراسی پەرە پێ بدرێ، لە ژێرپێنانی سیستماتیکی مافی مرۆڤ ڕابوەستێندرێ و بۆ گەییشتن بە ئاشتییەکی بەردەوام، پیوستە کە لە ستراتژیی چارەسەریی بێ توندوتیژی کەڵک وەربگیردرێ.



# حەوتی پووشپەڕ کۆمەڵکوژییەکی دیکەی کوردان

شۆڕش گوڵکار

هەوری بەختی کوردستانە شیوەن
و گریان ئەکا
ناڵە ناڵی کوردەکانە جەرگ و
دڵ بوریان ئەکا
دەنگی قیژ و هۆڕی خەڵقە دێت
لە ژێر چەرخی زەمان
ئاهی مێرد کوژراوی کوردە
عالەمێ وێران ئەکا
دووکەڵی قرچەی دەروونی بێ
جل و بەرگ و ژیان
بوو بە هەور و وا بەسەر کێوانەوە،
سەیوان ئەکا
هێندە جاری بوو لە چاوی
کوردستان فرمێسکی خەم
بێ تەماشا کەن هەزاران
تانجەرۆ و سیروان ئەکا
بۆ حەڵاڵە ماڵی کورد و
بۆچی فەرزە کوشتنی
دەک خەجاڵەت بێ درۆزن چۆن
وەها پیلان ئەکا

کۆمەڵکوژی یان جینۆساید (Genocide) بە لەناوبردنی کۆمەڵێک خەڵک یان گرووپێک دەوترێت کە لە لایەن وڵاتێک یان پارتێکی دەسەڵاتدارەوە لەناو برابن و هەوڵی کوشتنیان درابێت. دەشێت کۆمەڵکوژی هۆکاری ئایینی، نەتەوەیی، ڕامیاری، یان بیری ڕەگەزپەرستانەی لەدواوە بێت. ئاشنابوونی جیهان بەم وشەیە زەمەنێکی زۆر نیە، بەڵام نەتەوەی کورد لەمێژە ئاشنایە لەگەڵی و دەتوانین بڵێین مێژووی کورد پڕاوپڕە لە کۆمکوژی کە هەردەم داگیرکەرانی کوردستان بۆ سڕینەوەی ئەم میللەتە دیرۆکیە لەسەر زێدی خۆی پەیڕەویان کردووە و بەپێی ڕۆژ شێوازی کۆمکوژی کوردانیان بەڕۆژ کردووە و شیر و قیر و سووتانیان کردووە بە چەک و تۆپ و بۆمبی کیمیایی تاکوو ئەم پرۆسەیە بەردەوام بکەن تا کۆتایی کە ئەویش سڕینەوەی یەکجاریی نەتەوەیەکە کە تەنیا دەخوازی مانەوەیە لە سەر خاک و نیشتمانی خۆی بە سەربەستی و سەربەرزی. لە پرۆسەی کۆمکوژیی کورداندا کە لە لایەن داگیرکەرانەوە بەڕێوەچووە دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵکوژیی شاری سەردەشت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بکەین کە لە ڕۆژی حەوتی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا، بە پیلانێکی لەپێش داڕێژراوی نێوان دەسەڵاتدارانی ئێران و عێراقەوە بە فڕۆکەی شەڕکەر و هەڵگری بۆمبی کیمیایی و ڕژاندنی بەسەر خەڵکی بێدیفاع و مەدەنیی کورد بەڕێوەچوو. ڕەنگە زۆرجار هەوڵ درابێ کە ئەو کۆمەڵکوژییە پاساوی بۆ بهێنرێتەوە کە گوایە بە هۆی شەڕی نێوان دوو داگیرکەر و ملهوڕی ناوچەیی وەکوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەعسییەوە بووە و زۆرتر مەبەستی تایبەتی قڕکردنی کوردان نەبووە، بەڵام من لەو بڕوایەدام کە ئەو کارەساتە پاساوهەڵگر نیە بە هۆی مێژووی ئەو دوو داگیرکەرەوە. ئەگینا ئەدی بۆ لە شارەکانی دیکەی غەیری کوردستان دژی یەکتر وەها چەکێکی کوشەندە و قەدەغە کراویان بەکار نەهێنا؟ ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە کارەساتی کیمیا باران کردنی شاری سەردەشتی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هاوئاهانگی و پیلانی لەپێش داڕێژراوی دەسەڵاتی ملهوڕی ویلایەتی فەقیهی و هەروەها دڕندەی بەعس کە مەبەست لێی ژینۆساید کردن و کۆمکوژی و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیەک بوو، تاکوو بەو جورە بتوانن هەموو گەلی کورد بەگشتی، بە خۆیان و سەروەت و ماڵ و ناسنامەی کورد بوونیانەوە تووشی زەرەرێکی ئێجگار گەورە بکەن، کەوت و برینێکی وەها بخەنە دڵی کورد و کوردستانەوە کە هەتاهەتایە بۆمان سارێژ نەبێت. لەو کۆمەڵکوژییەی ی پووشپەردا، جگە لەو هەزاران ڕۆحە پەپوولەییەی خرانە چاڵ و مەرگ کرایە دیاریی کورد بوونیان، هاوکات ئەو هەزارانەی تر کە بە هەر جۆرێک بووبێت ڕزگاریان بوو، تووشی گەورەترین کێشە و کارەسات و ژیانی تاڵ و دژوار بوونەوە و بە هۆی پێ ڕانەگەیشتنیان و دەواودەرمان نەکردنیان، کارەساتێکی دیکەی مرۆیی خولقاند. ئەو بەشەی نەتەوەی کورد کە لە شاری سەردەشت کەوتنە بەر شیمیایی کردن. ئەوەی شەهید کرا ڕۆشت و ئەوەشی مایەوە تا ئێستاش ئاسەوارەکانی ئەو گازە کوشندانە ژیانی لێ حەرام کردوون. مەخابن زۆرێک لە خەڵکی شاری سەردەشتی کوردستانی ڕۆژهەڵات تا هەنووکە نەخۆشین و تەنگەنەفەسی، شێواندنی جەستە و دەم و چاو، کۆرپەی سەقەت و ناتەواو، نەخۆشیی دەروونی و زۆری دیکەش بەرۆکی بەر نەداون و هێشتاش بە دەستی ئەو دڕندەییە و ئەو کارە نامرۆییەی داگیرکەرانەوە دەناڵێنن. ئەوەی جێگای سەرنج و تێرامان و لێ وردبوونەوەیە ئەوەیە کە پاش ئەو هەموو ساڵە کە بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕ دەبێت، هێشتا هەر چارەسەریان بۆ نەکراوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە و کرابێتیش هێندە درەنگ و بە خەمساردییەوە کراوە، کە نە سوودی هەبووە، نە شایەنی باس کردنن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ساڵانە بە ناوی شەهیدانی ئەو کارەساتە و خەڵکی مەزڵوومی باژێری سەردەشتەوە بە سەدەها هەزار دۆلار لە ناوەندە خێرخوازی و نێونەتەوەییەکان وەردەگرن و دێزە بەدەرخۆنەی دەکەن و خەرجی خۆیان و بیرۆکە چەقبەستووەکانیان دەکەن کە ئەمەش دیسانەوە خۆی لە خۆیدا کارەسات و ژینۆسایدی کەرامەتی خەڵکی بێ تاوانی کوردە. هەر کوردێک دەبێت ئەو ڕاستیە دەرک بکات کە لە ڕوانگەی حاکمانی ئێران و عێراق و تورکیە و سووریەوە هەموو کوردێک تاوانبارە، تەنیا کاتی سزادانیان جیاوازە. هەروەها دەبێت هەر ڕۆڵەیەکی کورد لە ئێستادا بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت کە بە هەر شێوە و شێوازێک بۆی دەکرێ شەهیدان و لێقەوماوانی سەردەشت و تێکڕای قوربانیانی دەستی داگیرکەر لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان لەبیر نەکات و کاری کردەییان بۆ ئەنجام بدات.

## حیسام دەستپێش:

# کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، کۆماری ئیسلامی وەکوو هێز یان دەوڵەتێکی یاغی دەبینێت کە پێبەندی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکان نابێت

سەلیم زەنجیری

لە دوای پەیامی نەورۆزی حیزبی دێموکراتەوە، کوردستانی ڕۆژهەڵات دەرباسی قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان بووە و یەکەم چەخماغەی ڕاسانی لە شاری شنۆی خۆڕاگرەوە لێدرا و ئەو گۆمە ئارام، بەڵام مەندەی کە کۆماری ئیسلامی ئیدیعای دەکات، شڵەقێندرا و باس و خواسێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. لەم وتووێژەدا گرینگیی ئەو ڕابوونە و ڕەهەندە جیاوازەکانی لەگەڵ کاک حیسام دەستپێش، مامۆستای زانکۆ تاوتوێ دەکەین.

**پ: سەرەتا وەکوو چاودێرێکی سیاسی ڕاسانی نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵات چۆن لێک دەدەنەوە؟**

**و:** ئەم پەیامە دەرئەنجامی کەڵەکە بوونی کۆمەڵێک گۆڕانکاری و هەلومەرجی تایبەتە کە پێمان دەڵێت پێویستیمان بە جۆرێك لە خەبات و ڕاسانە کە هەڵگری تایبەتمەندیی خۆیەتی. ئەمە لە بەتنی خۆیدا پەیامێکی هەیە کە بە فۆرم، دەنگ و بە زمانێکی تر بچینەوە ناو خەڵکی ڕۆژهەڵات و بە مێتۆدێکی نوێ درێژە بە خەباتی ڕابردوو بدەین و سازماندهی بۆ بکەین. چەمکی گرێدانی خەباتی شاخ و شار لە ڕاستیدا گرێدانی مێژوو و ئێستایە، بەو مەعنایە کە ئێمە خەباتێکمان هەیە لە ڕابردوودا کە یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی شاخ بووە، خەباتێکیشمان هەیە لە ئەمڕۆدا کە کۆڵەکە سەرەکییەکەی شارە، کەواتە ئەم دوانە بکەینە قوورسایی و هەوێنێك کە تیادا خۆمان، نەوەی نوێ، کۆمەڵگا، حیزبی سیاسی و داهاتوو ببینین و لەم فۆرمەدا بتوانین شوناسێکی دیکە بەرهەم بێنین. بە کورتی پەیامی نەورۆزی ئەمساڵ، ئاماژە و جۆرێکە لە ڕاڤەکردن و هێنانەئارای سیاسەت، گوتار و بزاڤێکی نوێ.

**پ: لە ڕەهەندی نێوخۆییەوە ئەم ڕاسانە چەندە خۆی وەکوو پێویستییەک دەنواند؟**

**و:** ئێمە گرێدراوی نەتەوە، خەبات و خاك و مێژوویەکین کە ئەویش خەبات و خاك و کۆمەڵگای کوردییە. کوردستانی ئێمە لە سێ بەشی خۆیدا لە ئاستێکی بەرزدا خەبات و بەرەوپێشچوونی تێدایە، بوونی ئەم فەزایە لە بواری ڕەوانییەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای ئێمە دادەنێت کە بە خۆیدا بێتەوە کە من لە کوێم و بەشی من چیە لەم کوردبوون و دەستکەوتانەدا، کە واتە ئەمە یەکێك لەم پێویستیانەیە کە ئینسانی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا لە بواری ڕەوانییەوە هەست ئەکات کە لەو پۆزیشن و پێگەیەی کە دەبێ بیبێت دا، نیە. مەسەلەی دووهەم ئەوەیە کە ئێمە خواستەکانمان و هەلومەرجی نێوخۆییمان گۆڕانیان بە سەردا هاتووە، بەو مەعنایە کە ئێمە نەسڵێکی ترمان هەیە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کە دەیەوێت بە شێوەیەکی تر سیاسەت بکات و بکەوێتە ناو بازنەی سیاسییەوە و دەیەوێت داستانی خۆی بخوڵقێنێ و مێژوویەك بۆ خۆی تۆماربکات و وەکوو ڕێبەرانی شەهید فەرموویانە هەر نەسڵێك کارەکەی بە جوانی ئەنجام بدابایە، نەسڵی دواتر پێویستی بە تێکۆشانی زیاتر نەدەکرد، بۆیە پێویستیەك لە نێوخۆی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات هەیە کە ئێمە وەك نەوە و کۆمەڵگایەکی نوێ چیمان هەیە تا نیشانی بدەین کە توانا و وجوودمان هەیە و دەمانەوێت خۆمانی تێدا ببینین. کە واتە ئەم دوو بوارە سەرەکییەیە کە پێمان دەڵێت کۆمەڵگای ئێمە داوای شتێك دەکات، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە کێ دەتوانێ لە گەڵیدا هاوئاهەنگی وهەڵبکات و سیاسەتێکی نوێ بێنێتە ئاراوە.

**پ: بەڵام زۆر کەس کات و هەلومەرجی ئەم ڕابوونە لەبار نازانن و پاساوی بۆ دێننەوە، ڕای بەڕێزتان؟**

**و:** من ئەو ڕوانگەیەم لە بناغەڕا پێ هەڵەیە، چونکوو پرسی کورد پرسی شوناس، ناسنامە و بوونە و کەس ناتوانێ کات و مەکانی بۆ دیاری بکات، لەبەرئەوەی کە بوونی هەیە و بە حزوور و داواکارییەکانی، بەردەوام دەیەوێت وزە و پۆتانسییلەکانی نیشان بدات، بۆیە لە هەلومەرجێکی وا دا و بە بوونی ئەو شوناسە و ناوەرۆک و زیندوو بوونەکەی، کەسانێک بێن و بڵێن تەکان مەخۆن یان ڕاوەستن تاکوو بە شێوەیەکی تر چارەسەری بکەین، ئەمە ناکرێت، چوونکە ئەساسەن ئەو شوناسە ڕاوەستانی نیە و ئەگەر ڕاوەستان لە وجودیدا هەبوایە، ئێمە چیرۆکی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری، سمکۆ، پێشەوا، قاسملوو شەرەفکەندی و ...هتد مان نەدەبوو، بۆیە ئەمە نیشان ئەدات کە پرسەکە لە جەوهەری خۆیدا، پرسێکی شوناسییە کە بە گوێرەی زەمان و هەلومەرجەکان هەر وجوودی هەیە و دەتوانێ خۆی بەرهەم بێنێتەوە.

**پ: چەخماغەی ئەم ڕابوون و قۆناغە نوێیە لە سەر دەستی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتدا لێدرا، گرینگی ئەم حەرەکەتە و پەلکێشانی بۆ ناوچەکانی دیکە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**و:** مادام کە دەڵێین پێویستییەک هەیە بۆ خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، دەبێ مانیفێستێک هەبێت کە ئەم پێویستییە بەکردەوە کاری بۆ بکات، تاکوو ببێ بە ڕاستییەك. دووهەمین مەسەلە ئەوەیە کە داگیرکەر و دەوڵەتێك بەسەر ئێمەدا زاڵە کە پێمان دەڵێت کە هێز و هەیمەنەی من ئەوەندە بەهێزە کە ئیمکانی سەرهەڵبڕینتان نیە و ناتوانن خۆتان پیشان بدەن. ئەگەر لەم دوو بوارەدا سەیری بکەین کە هەم زەمینەی کۆمەڵایەتی و کولتووری سیاسی بوونی هەیە و هەم قودرەتی دەوڵەتیش خۆی نیشان ئەدات، جەوڵە و بزاڤێکی ئاوا یان حەرەکاتی لەم شێوەیە لە ئەنجامدا بەرەو تەکمیل بوون دەڕوا، کە ئەم ڕاستییە نوێنەرێکی هەیە کە ئەیهەوێ حەرەکەتێك بکات. دووهەمیش ئەوەیە کە ئەم هەیمەنە، هەیمەنەیەکی ساختە و درۆیینە و لە درێژایی مێژووشدا سەلماندوومانە کە هیچ دەوڵەتێك ناتوانێ هەیمەنەی هەمیشەیی و بەردەوامی بە سەر کوردستاندا هەبێت. کەواتە جەوهەری سیمبۆلیکی ئەم حەرەکەتانە ئەوەمان پێشان دەدات کە کۆمەڵگا دیسانەوە دێت و لەگەڵی کار ئەکات و بە شێوەیەکی دیکە حەرەکەتێك ساز ئەکات و لەلایەکی تریشەوە دەسەلمێنێ کە خاوەنداریەتیی ئەم خاکە بۆ ئەو کەسە نیە کە داگیری کردووە و خۆی بە سەریدا سەپاندووە، بۆیە لە جەوهەر و ناوەرۆکی خۆیدا هەڵگری واتایەکی سیمبۆلیکە تا مەعنایەکی عەمەلی و پراکتیکی عەینی.

**پ: کەواتە ئەوەی کە ماوەیەک لەمەوبەر لە شەقامەکانی تاران و ئیسفەهان و ... بەنێری تەبلیغاتی دژ بە حیزبی دێموکرات و ڕێبەرانی بڵاو دەکرانەوە، ڕێئاکسیۆنێکی پێش وەختە بوو لە هەمبەر ئەم حەرەکەتە؟**

**و:** کاتێك ئەڵێن داگیرکەر، واتە کەسێك کە کولتوور، مێژوو و وڵاتی کەسێکی تر داگیر دەکات و شەرعییەتێك بۆ ئەم کارەی دەبینێتەوە. بەم شەرعییەتە ڕێ بە خۆی دەدات کە بەشێك لە سەرزەوین، خاك، کۆمەڵگای تەسەوری خۆی یان ئەو ناسیونالیزمەی کە خۆی پێناسەی دەکات، داگیری بکات. واتە ئەو پێناسەیەی کە لە ئێرانی بوون و ناسنامە کراوە، پێناسەیەکی پاوانخوازانەیە، تەعریفێکە کە لە ئیران بە شارۆمەندی ئاسایی وتراوە کە سنوورەکانت لێرەوە تا ئەوێیە، ئەمە لە بواری مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەوە کاری لێ دەکات و سیستمێکی ئاوا ئەم زێهنیەتە دروست دەکات، دواتر تەبلیغاتی بۆ دەکات بۆ ئەوەی کە بیچەسپێنێت لە ناخی کۆمەڵگادا، بزووێنەرێک و ئینێرژییەك لە کۆمەڵگا ساز بکات کە هێزی سەرکووت و ڕووبەڕوو بوونەوەی پێ بدات و ئەگەر ئەم هاووڵاتی و شارۆمەندانە لە پشت ئەم دەوڵەتەوە جێ نەگرن، هێزی سەرکووتی نامێنیت. کە واتە کۆی ئەم تەبلیغاتانە، ئەو شوناسەیان بە شێوەی خۆسەپێنانە و فاشیستی پێناسە کردووە و ئەیانەوێت خەڵك بجووڵێنن تاکوو بتوانن هێزی سەرکووت و سیاسەتی توندوتیژی خۆیان درێژە پێ بدەن، چوونکە ئەم سەرزەمینە بە بەشێك لە میرات و ڕەسالەتی خۆیان دەزانن تاکوو بێژن ئەمە هی خەڵکی ترە و ئێمە داگیرمان کردووە.

**پ: هاوکات هەوڵێکی نێوخۆیی کوردیش هەیە بۆ بردنە ژێرپرسیاری ئەو شێوە خەباتە جا چ ئاگاهانە بێت یان نائاگاهانە، ئەمەیان دەتوانێ چەندە بە زەرەری بزووتنەوەی کورد بێت؟**

**و:** لەو ڕەهەندەوە ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە کە چاویان نیە لە مێژوو، شووناس و ڕیسالەتی بزاڤی کورد کە بەم سەردەمە مۆدێرنەی ئەمڕۆی گەیاندووە. واتە بونیادی غەڵەتی ئەو تەحلیلە لەو خاڵەڕا دەست پێدەکات کە ڕوانینیان بە نیسبەت پرسی کورد، ڕوانینێکی



سیستمیە. کە چاو لە پرسی کورد دەکەن، ئێران لە پۆزیشنی وڵاتێکی ئورووپایی وخۆشیان بە ئەکتەرێک لەنێویدا دەبینن کە دەتوانن لە دەرفەتە دێموکراتیکەکان کەڵک وەربگرن و زەمینەی ئەمنییەت و مانەوەی خۆیان بپارێزن، بەڵام ئەم ڕوانینە هەڵەیە لە سیستمی ئێران، لەو دیدەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەوانیش دەتوانن بەو شێوەیە هەڵسووکەوت بکەن و خۆیان و داواکانیان بەرجەستە بکەن.

**پ: ئەمە لەم قۆناغەدا دەتوانێ چ خەسارێکی بۆ بزووتنەوەی سیاسی کورد و یەکگرتوویی هەبێت؟**

**و:** خەساری زۆر ڕوون و بەرچاوی ئەوەیە کە کوردی ڕۆژهەڵات لە بزاڤی کوردیی پارچەکانی تر دادەبڕێت و دەیەوێت مانیفێست و جۆرێك لە بیرکردنەوەی تری پێ ببەخشێت. دووهەمین شت ئەوەیە کە ئەساسەن ئێمە بەوەی کە هەوڵ بدەین ناسنامەیەکی سەربەخۆ بۆ خۆمان ساز بکەین، دوبارە گرێمان ئەدات بە شتێکی ترەوە، بۆ ئەوەی کە داواکارییەکانمان مسۆگەر بکەین لە حاڵێکدا ئێمە ئەساسی کارەکانمان کە ڕێبوارانی ڕێگاکەش تەنانەت ئەگەر بە ئەندازەی قامکەکانی دەستیش بن، دەبێت ئەوە بێت کە چۆن ئەم کۆمەڵگایە بنیات بنێن تاکوو بتوانێ لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ. سێهەم بواری ئەوەیە کە ناهێڵێ هاوڕایی و کۆدەنگی و فەزایەك فەراهەم بێت کە هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگا بتوانن لە دەوری چەمک و بەرەیەک کۆ ببنەوە تا لە ئەنجامدا مانیفێستی بوونی خۆی بکات، ئەوە هەڵەیەکی تەحلیلی، ئیستراتیژیك و تاکتیکییە، بۆیە ئینسان بەم شێوە تەحلیلانە نیگەران ئەبێت و ئامادە نییە بە واقیعی ببینێت.

**پ: دەبێت چ بکرێت تاکوو پێش بەم هەوڵانە بگیردرێت؟**

**و:** دوو ئەرکی گەورەمان لە سەر شانە. یەکەم ئەوەیە کە گوتارێک دابڕێژرێتەوە کە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگای خۆمان ببینێ و بەو پێیە جۆرە شوناسێک لە چوارچێوەی گوتارێکی دیاردا پێناسە بکا و لە سەر ئێمە کار بکا تا بتوانێ مەعنای بۆ ئەو خەڵکە و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ساز بکا و لە نەهایەتدا، خەڵك بتوانێ شوناسێکی نوێ بگرێ تاکوو خەباتەکە بەردەوام بێت. دووهەم شت، داڕشتنی ئیستراتژییەکە کە بتوانێ هەم تواناییەکانی خۆی، هەم تواناییەکانی داگیرکەر و هەمیش فەزای جیهانی ببینێ. بەو واتایە کە کامە ڕێگاچارەی باشترە بۆ ئەوەی کە بتوانین ئەم گۆڕانکارییە بەردەوام بکەین و بە مەقسەدی بگەیەنن و لەم ئیستراتیژییەدا دەبێ پۆلێنبەندییەک بکرێت کە لە قۆناغە جوراوجۆرەکاندا چ پێویستە و دەیهەوێ چ بکات. ئەگەر هەر هێزێکی سیاسی بە تایبەت حیزبی دێموکرات بتوانێ ئەم دووانە بەیەکەوە پێناسە بکات و دیار و ڕوون بێت کە مەقسەد کوێیە و بەرەو کوێ دەڕوات، بە دڵنیاییەوە دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆر لە سەر کۆمەڵگا دابنێت و کۆمەڵگا بێنیتە بەرەی خۆیەوە و هێزەکانی تر ئەخاتە پەراوێزەوە و ناچاریان ئەکات یان لە گەڵ وتارەکەی تۆ بکەون یان وەك هێزێکی بچووك لە پانتایی سیاسی‌دا بمێننەوە، ئەگەر سەیری باکووری کوردستان یان پارچەکانی دیکەی کوردستان بکەین دەبینین کە چۆن ئەمە بووەتە هەوێنی ڕاسانێکی جیدی.

**پ: باشە ئەم ڕاسانە لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی‌دا دەتوانێت چ تەئسیرێکی لە گۆڕینی هاوکێشە سیاسییەکاندا هەبێت بە تایبەتی کە ڕێژیم بەردەوام ئیدیعای ئەوە دەکات کە لەو ناوچە ئاگراوییەدا، ئێران دوورگەیەکی ئارامە؟**

**و:** یەکێك لەو خاڵە جیدییانە کە لە ناوچەکەدا هاتووەتە ئاراوە و بۆشایی و دەرفەتێکی بۆ کورد ساز کردووە، ئەوەیە کە ململانێیەکی خەست و زەق لە نێوان دوو بەرەی سەرەکیی شیعە و سوننەدا هەیە و لەم بۆشاییەدا ئەکتەرە بچووکەکان ئەتوانن تێدا کایە بکەن و خۆیان بنوێنن و هەست بە بوونی خۆیان بکەن. کەواتە لەم فەزایەی کە لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا هەیە، وادەکەن کە ئێمە ئەم بۆشاییە ببینین و کاری لە سەر بکەین تاکوو بە مافەکانمان بگەین، واتە ئەگەر نەزانین ئەم گەمەی باڵانسی هێز لە ناوچەکەدا ڕێک بخەین کە بالانسی هێزە، دەبێ بەردەوام وەکوو کۆیلە و گرێدراو بمێنین.

زۆر ڕوون و بەرچاوە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، کۆماری ئیسلامی وەکوو هێز یان دەوڵەتێکی یاغی دەبینێت کە پێبەندی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکان نابێت . سیمایەك کە ئێران لە خۆی خستییەتە ڕوو، سیمایەکە کە پاڵەوانی ناوچە و ژینگەیەکی ئارامی هەیە و ئەمەش لە گەڵ بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانە و زۆرێک لە بەرژەوەندییەکانی جیهانی‌دا یەك ناگرێتەوە، بۆیە پرسیار لێرەدایە کە چۆن بتوانین زەفەر لەم ڕێژیمە ببەین؟ یەکێك لە میکانیزمەکان ئەوەیە کە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ڕێگای ڕێکەوتنی چەکی ناوکییەوە دەیانەوێت پرسە نێوخۆییەکانی ئێران زەق بکەنەوە و لەم ڕێگە و ژینگەیەوە کە باسی ئەکات ئیمکان و دەرفەتی خۆنواندن و خۆنیشاندانیان هەبێت. لێرەدایە کە ئێمەی کورد جیگەمان ئەبیتەوە، بەو واتایە کە ئەگەر ئێمە حزوورمان هەبێت بە تایبەت کە پرسی کورد شەرعییەتی بەدەست هێناوە لە باری سکۆلار بوونەوە و ئەگەر بتوانین توانایەك بەدەست بێنین و بونیادی شتێك بکەین کە کۆمەڵگای جیهانی لە گەڵی ناتەبا نیە، بە تایبەت ئەوەی کە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بە تایبەت حیزبی دێموکرات، جەرەیانێکی سیاسییە کە ناشەرعی نیە لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیدا و نەچووەتە خانەی تیرور و باوەڕیشی پێی نیە. کەواتە ئەگەر ئەم مەنتقی نێودەوڵەتییە لە ململانێ لە گەڵ ئێراندا لەبەرچاوی بگرین، هەر چەشنە حەرەکەت و ڕاسانێک کە بتوانێت نیشان بدات کە قودرەتی عەمەل و قودرەتی فیکری هەیە، ئەوکاتە کۆمەڵگای جیهانیش نەتەنیا هاوکاری، بەڵکوو دەتوانێ دەنگێکی گەورە بێت لە گەیاندنی ئەو پەیامانە کە ئەم حەرەکەتە نوێیە هەیەتی.



## شێعرێکی بێ ئۆقرەم، وەک ئێوە

له مێژه
شیعرێکی گەمارۆ دراوم،
گەمارۆی ئەوینی ڕوانینتان.
وەک ئێوە
گێرۆدەی ئەرخەوانی خەونێک.
وەک ناوتان
لە تریفەی نەمری دا.
سەردەمی ڕاسانی هێزتانە و
هاژە هاژە
خەون دەئاژوێن
ئەسپی ژیان دا.
لە ڕەگی شێوازی وەستانن بەرانبەر بە مەرگ و
دەمێکە خەریکی گۆڕینی سەربەست دا
دەمادەم
نەمریتان لێ دەڕژێ.
دەمێکە لە نێوان یەخسیری و ژیانی
دەکەونە کەمین و
بە نینۆک
گابەردی مانەوە دەکرێنن.
کێن ئێوە
جگە لە نوێنەرانی جوانی؟
پاڵتاکەی « ئاوارە» لە کۆڵ و
پشتێنی « موعینی» لە پشتتان،
هەر دەڵێی بۆ ڕۆژگاری ئێمە خولقاون.
دەوروپشت بە دڕکی ڕەشایی تەنراوە،
ئێوە هەر
برووسکەی خرۆشانی ڕووناکین،
دڕ دەدەن بە هێزی تاریکی و
لە لەشی خۆشتان دا
ناسرەون.
ئێستە من شێعرێکی بێ ئۆقرەم ،
وەک ئێوە.
ئێوەش ئەو بازانەی
چەخماخە لە باڵتان دەبارێ و
کازیوە بە دەنووک دەگرن و
ڕایەخی سپێدە
بۆ دوارۆژ
ڕادەخەن.
هەر وەکو پیرێکی سەرمەستی هەجیجی،
لەو کەژ و کۆیانە
بە هەگبەی هۆنراوەم،
نانتان بۆ دەهێنم.
لە نێوان دوو شەڕدا ،
لە کتری ڕستەمدا

چایتان بۆ لێدەنێم.
وەک دەوارنشینی بەرزترین کۆساران
بە خامی خەیاڵ و
شەونمی سەرگۆنای شاگوڵی گۆرانیم
برینتان دەپێچم.
کە تینوون،
وەک یەکەم چاوساخی ناو وشە یاخییەکان،
ڕوونترین کانیتان بۆ پەیدا دەکەم و
بە پەلکی بەرزترین دارگوێزی هەناسەم
بۆ پشووی دوای شەڕتان،
سێبەرێک ڕادەخەم
فێنکتر لە سێبەر.
لە وڵاتی شیعرمدا
چۆن دەبێ سروەیەک
ئارەقەی پشت ملتان نەسڕێت و
بە برووسکەی هەنگاوتان
قارچکێکی بەتام
بۆ ژەمێک خواردتان
سەر لە خاک دەرنەکات؟
پەڕێک لە شاباڵتان هەڵوەرێ،
نە فڕین بایەخی دەمێنێ
نە باڵ و
نە ئاسۆ.
گەر بەدەم گەمارۆی مەرگەوە
خەندەتان نەدرەوشێ
کەی هەنگوین دەتوانێ شیرین بێ؟
من ئێستە
لە تەنیشت ئێوەدا ،
شیعرێکی خۆڵاویم،
بە چەشنی کاکۆڵتان.
سەرئەژنۆی هەر هەموو وشەکانم سوورن
وەک ئەژنۆی ڕاسانتان
لە خڕکە بەردی بن بەرزترین زناران.
ئێستە من، شیعرێکی ڕاساوم،
پڕم لە پێکەنین،
وەک دوایین وێنەتان.
پڕم لە ئیرادە و ئارەزوو،
هەر وەکوو ڕوانینی ئاشقانەی
ئەمرۆتان.

فەرەیدوون ئەرشەدی

## پەی شەهیدەکاو کۆسالانی؛ شۆڕش، شاخەوان، ئەکبەر مینبەری

هەڵۆی بەرزە فڕ ئەی هەڵۆی تیژ باڵ
چەمەڕات بێنا من بە مانگوو ساڵ
خەیر بەیوە وە خەیر ئەی بەرگۆزیدە
پاو پاڵات وەبان بینایو دیدە
دیسان دووبارخەمێم ڤای بەردێ
بەئامای هەڵۆی چەمێم ڤاز کەردێ
ئیتر نەواچدێ کۆسالان تەنیان
کۆسالانەکم جەرگش هۆردڕیان
کۆسالانەکەم باڵاش بەرز بیەن
کۆسالاکەیش جەحەنز بەر شیەن
بەرزی باڵاکەیش جەحەنز بەر شیەن
هەراڵە برەمێ ونی مێ چەماش
باتێر گرەڤۆ پەی شەهیدەکاش
سیروان ناڵەش مێ ،هاوارێ کەرۆ
ونەو شەهیداش چەنی وێش بەرۆ
باسیروان یاونۆ بۆوەو گۆڕاڵا
بەرۆشرە کۆیە پەی لاو هەڤاڵا
واچۆشا پەنە خەفەت نەوەردێ
شیوەنی شەهید هەرگیز نەکەردێ
باقۆڵەو شێخی ونی بارۆسەر
هاوارش یاوۆ تادەگای نیەر
واچۆ هەی نیەر قەڵای بەرخۆدان
ماتەم نەگێری تۆ پەی شەهیدان
کۆڕەی میانە کزوو مات بیەن
ماچۆ کۆسالان دلێنە شیەن
ماچۆ یاوەرا یاودێنە فریاش
کۆسالانەکەم هەڵسی مێ چەماش
«هەڵۆی کۆسالان»

تا نیشتمان
جلی خاکی له به ر بکا
بیرم هه ر ده م له لاتانه و
دڵم بۆ ئێوه لێ ئه دا...

به یان عه لی ره مایی

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ■ No: 680 ■ 5 july 2016

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

